


# گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێ مەسیحییەکەم

نووسەر

بێژەن محەمەد

2023

پەرتووکی:

# گفتووگۆ لەگەڵ هاوڕێ مەسیحییەکەم

نووسینی: بێژەن موحەمەد

٢٠٢٣

## لەبری پێشەکی:

ئەم پەرتوکە بەسەرهاتی ژیانی خۆمە باسی ئەو کاتانەیە کە تازە گەیشتبوومە شاری نیوکاسڵ چۆنیەتی تێکەڵبوونم لەگەڵ خەڵکی ئینگلیزو ئاشنابوونم، بە کۆمەڵێک مەسیحی، دروستبوونی کۆمەڵێک گفتوگۆ لەگەڵ قەشەو چەند هاوڕێیەک کە لەوێ ناسیومن، لەڕێی ئەم بەسەرهاتەوە ئاشناتان ئەکەم بەژیانی خەڵکی ئێرە، وە چۆن بتوانن بە دیدێکی تەندروست لە ئینجیل و گشت ئاینەکانی تر بڕوانن. وە حەزم کرد ئەوەش بزانن ئەم نوسینانە چەند پێشتر پۆستی فەیسبووک بوون و دواتر کردومانە بە کتێبێکیئەلیکترۆنی، بۆیە شێوازی نوسینەکەش زۆر گرنگی بە ڕێزمانی نەدراوە.

# (بەشی یەکەم)

چەند مانگێک بوو گەیشتبوومە شاری نیوکاسڵ، تێکەڵی زۆر کەس نەببووم، چونکە هیچ خزمێک و ناسیاوێکم نەبوو لەم شارە. دوای ماوەیەک لەگەڵ کوڕێک بە ڕێکەوت بووینە هاوڕێ، ناوی ئاندرویە، خەڵکی ئێرەیەو دەرسی زانست ئەڵێتەوە لە کۆلێج، وە چالاکوانێکی بواری سیاسیشە، ئیتر لەڕێی پرسیارکردنەوە کە چ بەشێکت خوێندوەو لە چ وڵاتێکەوە هاتوی... هتد، بەڵام زیاتر بەهۆی کتێب خوێندنەوە هاوڕێیەتیەکەمان زیادی کرد، چونکە ئەویش حەزێکی زۆری هەیە بۆ خوێندنەوە، هەرچەند ئەو کەمتر حەزی بە کتێبە زانستیەکان ئەهات، زیاتر کتێبی سیاسی و فەلسەفی و ئەدەبی ئەخوێنێتەوە.

ڕۆژێ پرسیاری کرد وتی سەرنجت چیە لەسەر ئاین، منیش وتم بەگشتی زانیاریم لەسەر ئاینەکان هەیە بەتایبەت ئاینی ئیسلام و ئاینی مەسیحیەت، هەروەها لەبواری فەلسەفەی دین بەگشتی شتم زۆر خوێندۆتەوە، ئەویش وتی ئەگەر حەز ئەکەی هەندێ گفتوگۆ لەسەر مەسیحیەت ئەکەین چونکە زۆر حەز ئەکەم تێڕوانینی کەسێک بزانم لەسەر دینەکەم کە چی وای کردوە بڕوای پێ نەکات، بەڵام سەرەتا ئینجیل بخوێنەوە پاشان قسەی لەسەر

ئەکەین، وتی پەیمانی نوێ بخوێنەوە، چونکە قسەکانمان زیاتر لەسەر پەیمانی نوێ ئەبێت.

ئەو ڕۆژە کە هاتمەوە لە مۆبایل داونلۆدم کرد، بەڵام بەقسەی ئەوم نەکرد، بەڵکو پەیمانی کۆن و نوێشم خوێندەوە، جا پەیمانی کۆن تەوڕات و زەبورەکانیشی تیایە... ، دوای دوو هەفتە وتم ئەوە تەواوم کرد، بەس ڕاستی بڵێم تا ئەوکاتە نەمزانی کە چەندێک بە هەڵە شتمان لەسەر ئینجیل وەرگرتوە، ئێمە بەس ئەوەنەمان زانیوە کە ئینجیل دەستکاری کراوە، بەڵام کاتێک ئەیخوێنیەوە ئینجا ئەبینی ئەوەی کێشەی تیایە ئینجیل نیە بەڵکو مەسیحیەکانن، ئەسڵەن زۆرشت کە مەسیحی ئەیکەن لە ئینجیل پێچەوانەکەی ئەڵێت، لەدرێژەی بابەتەکان باسی زۆرێک لەو دەقانە ئەکەم، چونکە من لەو کاتەوە دووجارم ئینجیل خوێندۆتەوە بە وردترین شێوە.

شەوێک بۆ نانی ئێوارە ڕۆیشتمە لای و دوای نان خواردن دەستمان بە قسە کردن کرد، وتی ئێ ئێستا پێم بڵێ چیت هەیە لەسەر دینی مەسیحی، ڕاستم پێ بڵێ خوێندنەوەی ئینجیل وای کرد کە کاریگەری هەبێت لەسەرت؟ منیش وتم بەڵێ کاریگەری هەبوو بەڵام ئەوەی من پێم جوانبوو ئینجیل بوو نەک ئەوەی

ناوی ئاینی مەسیحیەتە، ئەویش وتی چۆن؟ مەگەر فەرقیان چیە خۆ هەردوکیان یەکن، ئێمە شوێنی دەقەکان کەوتووین، وتم ببورە وا ئەڵێم بەس ئەگەر ئەمەی ئێوە ئەیکەن لە ئینجیلتان وەرگرتبێ ئەوە ئەتوانم بڵێم یان ئینجلێکی هەڵەتان خوێندۆتەوە یان هەر نەتان خوێندۆتەوە، چونکە من چەندین دژیەکم دۆزیوەتەوە لەناو ئینجیل لەگەڵ ڕەفتار و باوەڕی ئێوە، پێی سەیربوو وتی کەواتە پێم بڵێ ئەم شتانە چین.

وتم پێش هەموو شت بزانە من وەک موسڵمانێک قسەت لەگەڵ ناکەم، لەم کاتە من وەک کەسێک کە موتڵەقەن بڕوای بەهیچ دینێک نیە قسە ئەکەم، هیوادارم تۆش وابیت، وەعد تۆ بتوانیت ئیشکالەکانم لەگەڵ مەسیحیەت وەڵام بدەیەوە بڕوا ئەهێنم پێی، بەڵام تۆش ڕاستگۆبەو کە ڕاستیت زانی دانی پیا بنێ، ئیتر ئەویش وتی منیش قبوڵمە، دەستمان بە قسەکردن کرد، وتم پێش هەموو شتێک من بەقسەی تۆم نەکرد، هەردوو پەیمانی کۆن و نوێم خوێندەوە، بەڵام با ڕاستگۆبم لەگەڵت، پەیمانی کۆن پڕ پڕبوو لەشتی ناشیرن و دژە حەقیقەت، وە یەک یەک دەقەکانیشت پێ ئەڵێم، بەڵام پەیمانی نوێ کە باسی سەردەمی مەسیح ئەکات، زۆر زۆر پێی سەرسام بووم و زۆر سودیشم لێی بینی، ئەویش وتی هەرچەندە ئێمە هەردوکیانمان قبوڵە بەڵام ئەوەی کە

گرنگترە پەیمانی نوێیە بۆ مەسیحیەت، وتم بێخەمبە دەقەکانی پەیمانی کۆنیشت نیشان ئەدەم کە چەند ناشیرنن، وتی تەواو قبوڵمە.

بەس هەستم ئەکرد زۆر حەزی بە گفتوگۆکە ئەهات چونکە زانی باش خۆم ئامادە کردووە، وتم یەکەم شت ئەمەوێ بەوە دەست پێ بکەم، ئێوە کە ئەڵێن مەسیح کوڕی خودایە، ئایا ئەمە قسەی ئێوەیە یان هی مەسیحە؟ بەشێوەیەکی تر بڵێم ئایا مەسیح خۆی ئەم شتەی بەیان کردووە؟ سەرەتا کەمێ بێدەنگبوو، دواتر وتی بەڵێ دەقمان هەیە پێمان ئەڵێت کە مەسیح خۆی بە کوڕی خودا داناوە، وتم ئایا ئەزانیت تۆ هەڵەی؟ ئەویش وتی چۆن؟ وتم چۆن من کە پرسیارم کرد وتم ئایا قسەی ئێوەیە یان هی مەسیح، خودی مەسیحیش هەر جارێک ئەم قسەی بیستبا ڕێک ئەم قسەی منی ئەکرد؟ مەسیح هەرجارێک پێیان وتبا تۆ کوڕی خودای ئەویش وتویەتی ئەمە قسەی تۆیە، واتا من شتی وام نەوتوە، وتم با نمونەیەکت لەناو ئینجیل بۆ بهێنم، ئەوکاتەی مەسیح دادگای ئەکرێت بەرپرسەکە پێی ئەڵێ ئەی عیسا ڕاستە تۆ بەیانی ئەوە ئەکەی کە تۆ کوڕی خودای؟ عیساش ئەڵێت (تۆ ئەمەت وت) ئینجیلی مەتا ٢٦-٦٤.

لەهەموو ئینجیلدا بگەڕێ لەهیچ شوێنێک نایدۆزیتەوە مەسیح لە وەڵامی ئەم قسەیە بڵێت بەڵێ من کوڕی خودام، هەرجارێک ئەم قسە کرابێت وتویەتی ئەمە تۆی وائەڵێیت، بە پێچەوانەوە چەندین دەقی تیایە کە ئەڵێت من کوڕی مرۆڤم، وتی ڕاست ئەکەی منیش لەهیچ جێیەک نەم بینیوە خۆی بە ڕاستەوخۆ ئەو قسەی کردبێ، وتم کەواتە ئێوە لەسەر چ ئەساسێک هاتن یەک باوەڕی گەورەتان دروست کرد لەسەر شتێک کە تەنانەت کتێبەکەتان دەقی وەهای تیا نیە؟ وتی تەنها ئەتوانم بڵێم لە کۆنەوە بەوجۆرە هاتوە، هەڵبەت چەندین کەسی زیرەکمان هەبووەو بەم شێوە لێکیان داوەتەوە، منیش وتم ئایا ئەمە ئەبێتە بەڵگە بۆ دەقەکە؟ ئێ من و تۆ دەقی قسەکان لەبەرچاومانە هیچ شتێکی وای تیا نیە، ئەویش وتی ناتوانم هیچی لەسەر بڵێم.

بەڵام با بچینە سەر بابەتێکی تر، پێم بڵێ چیتر کێشەی بۆ دروستکردوی، وتم ئایا ئەزانی مەسیح دووجار لە ئینجیدا ئاماژەی بەوە کردوە کە پێغەمبەرە؟ پێکەنی و وتی نا ئەمەت لەکوێ هێنا؟ منیش وتم ئەوەتا دەقی قسەکان ئەگەر وانەبوو حەقت بێت...

## (بەشی دووەم)

کە پێم وت لە دوو شوێن لەناو ئینجیل ئاماژە بەوە دەکات کە عیسا (ع. س) بە دەمی خۆی وتویەتی ئەو پێغەمبەرە، پێکەنی و وتی ئەمەت لەکوێ هێنا؟ ئەتوانی دەقەکانم پێ بڵێی؟ منیش پێشتر دەقەکانم دیاری کردبوو، ڕۆیشت ئینجیلەکەی هێنا، وتم بیکە ئینجیلی مەتا سوڕەتی ٥:١٧، تیایدا مەسیح ئەڵێت، (پێتان وانەبێت من هاتووم بۆ ئەوەی دژی یاساکانی تەوڕات بم یان دژی پێغەمبەرانی پێشتر بم و ڕەتیان بکەمەوە، بەڵکو هاتووم بۆ جێبەجێکردن و تەواوکردنیان) وتم لەم ئایەتە بە ڕوونی دیارە کە عیسا خۆی بە یەکێک لە زنجیرەی پێغەمبەران زانیوە، ئەگینا کەسێک خۆی بەخودا یان کوڕی خودا بزانێت چۆن خۆی دێنێتە ئەم ئاستە، چونکە ئایەتەکە ئەگەر لێی وردببیەوە ماناکەی ئەوەیە کە مەسیح وتویەتی پێتان وانەبێت من پێغەمبەرێکبم پەیام و پێغەمبەرانی پێش خۆم ڕەتبکەمەوە، بەڵکو منیش لەسەر هەمان ڕێچکە ئەڕۆم.

کاتێ ڕونکردنەوەکەم پێدا زەردەخەنەیەکی کردو وتی ئەی دووەم ئایەت کامەیە، وتم جا زۆر جوان گوێ بۆ ئەمەیان بگرە چونکە ئەمەیان هیچ ئاڵۆزیەکی تیا نیە، وتم بیکە سوڕەتی ٥٧:١٣، ئایەتەکە بەم جۆرەیە، خەڵکی

ناوچەکەی عیسا قسەیەکیان لەناو خۆیان بڵاوکردەوە و ئەیان وت ئێمە دایک و خوشک و براکانی ئەناسین و ئەزانین کەسی ئاساین کەواتە عیسا ئەو موعجیزانەی لەکوێ بووو؟ بۆیە قبوڵمان نیە و باوەڕی پێ ناکەین، عیساش لەوەڵامی ئەوان وتی (هیچ پێغەمبەرێک بێ ڕێز نیە لە شار وماڵی خۆی نەبێت) . ڕێک ئەمە دەقی ئینجیلەکەیە.

وتم ئاندرو تۆ وەڵامت چیە بۆ ئەم ئایەتە؟ ئەوەتا عیسا زۆر بە ڕوونی خۆی بە پێغەمبەر زانیوە، ئەوەتا ناوی خۆی بە پێغەمبەر هێناوە، کەواتە ئێوە بۆ ئەم پێغەمبەرەتان کردە کوڕی خوا؟ بڕوا بکەن سەری سوڕما، وەک ئەوەی یەکەم جاری بێت ئەم دەقە ببینێ، لەوەیە ئەم شتە بۆ ئێوە ئاسایی بێت، بەڵام بۆ مەسیحیەک ئاسایی نیە، چونکە ئەمە باوەڕی خۆیەتی. ئاندرو سەیرێکی کردم وتی بێژەن داوایەکت لێ بکەم، وتم فەرموو، وتی من لە کەنیسەیەک میوزیکی سرودەکان لێئەدەم بۆچی ئەم هەفتەیە لەگەڵم نایەی بۆ کەنیسە، ئەمەوێ خۆت ئەم پرسیارە لە قەشە بکەی بەتایبەت دووەم ئایەت کە باست کرد ئەمەوێ ببینم ئایا وەڵامی پێ ئەبێت بۆت، حەز ناکەم خۆم پێی بڵێم ئەترسم بە پینەو پەڕۆکردن قەناعەتم پێ بهێنێت، بەس ئەگەر تۆ پێی بڵێی ئەکیدم ئەگەر وەڵامی پێ نەبێ ناتوانێ لەخۆوە قسەت بۆ بکات،

منیش وتم زۆر چاکە خۆشم حەزم لێیە شێوازی نوێژکردن و وتارەکەتان ببینم، ئیتر بڕیارماندا کە هەفتەی دوواترمنیش بچم بۆ کەنیسە لەگەڵیدا.

جا ئەم کوڕە سەر بە مەزهەبی پڕۆتیستانت بوو، کە یەکێکە لە مەزهەبەکانی مەسیحیەت، زۆر ئاقڵترن لە ئەوانی تر، بڕوایان بە پەیکەر و سەڵیب نیە، شتەکان زۆر بە ئاقڵتر وەک لە مەزهەبەکانی تر وەر ئەگرن، جاخۆشیەکە ئەوەبوو من زانیاری زۆر باشم لەسەر ئەو مەزهەبە هەبوو، ئەسڵەن یەک کتێبی تەواوم لەسەر دامەزرێنەری مەزهەبەکە خوێندبۆوە کە ناوی مارتن لوسەرە، بۆیە زۆر ئامادەبووم بۆ ئەوەی بچمە کەنیسەو لەگەڵ قەشەکەیان قسە بکەم.

ڕۆیشت هەندێ کێک و شەربەتی هێناو وتی واز لە ئەوانەی پێشوو بێنە، پێم بڵێ کێشەی چی ترت لەگەڵ مەسیحیەت هەیە، وتم لە پێشووتر باسی پێغەمبەر بوونی عیسام کرد بە دەقی ناو ئینجیل، من کێشەیەکی ترم ئەوەیە کە چەندین دەق هەیە کە بەتەواوی ڕەتی ئەکەنەوە عیسا خودا بێت، یان کوڕی خودا بێت، ئاندرو ئینجیلەکەی هەڵگرتوو وتی کوا بەڵگەکەت؟

منیش لە نۆتی مۆبایلەکەم ژمارەی ئایەتەکانم گشتی نوسیبوو، وتم بیکە ئینجیلی مەتا سورەتی ٤، باسی ئایەتەکانی ئەم سورەتە ئەکەین و پێت ئەڵێم کە چۆن ئەم سورەتە بە ئاشکرا پێت ئەڵێ عیسا خودا نەبووە. ئایەتەکانی ئەم سورەتە باسی تاقیکردنەوەی عیسا ئەکەن، (کاتێک خودا ئەینێرێت بۆ چۆڵەوانیەک ٤٠ شەو و ڕۆژ بەڕۆژوو ئەبێت، دواتر شەیتان بەشێوەی مار دێتە لای و پێی ئەڵێت تۆ ئەگەر کوڕی خودای کەواتە بەو بەردە بڵێ ببە نان، عیساش ئەڵێت لە کتێبی پێغەمبەرانی تر نوسراوە کە مرۆڤ تەنها بە نان ناژی، بەڵکو بە ئایەت و وتەکانی خوداش ئەژێت. دواتر ئەچێتە سەر بەرزایی شەیتان ئەڵێت هەموو ئەو شانشینانەی ئەیبینیت پێتی ئەدەم بەس کڕنوشم بۆ ببە، بەڵام عیسا ئەڵێت لە کتێبە ئاسمانیەکان نوسراوە کە کڕنوش تەنها بۆ خودای گەورەیەو تەنها ئەویش ئەپەرسترێت).

ئاندرو وتی ئێ جا ئەمە کێشەی چیە، وتم تا ئێستا پرسیارت لەخۆت کردوە بڵێی ئایا شەیتان چۆن ئەتوانێ خودا تاقی بکاتەوە؟ ئەسڵەن شەڕی شەیتان لەگەڵ مرۆڤە نەک خودا، ئایا ئەگەر عیسا خۆی خودایە، بۆچی تاقیکرایەوە؟ ئایا خودا خۆی خاوەنی هەموو شتێ نیە؟ کەواتە تاقیکردنەوەی چی؟ کاتێک خودا خۆی دروستکەری شەیتانە کەواتە چۆن شەیتان ئەتوانێ دروستکەری

خۆی تاقی بکاتەوەو داوای سوجدەی لێ بکات؟ وە پرسیارێکی تر کە پێم خۆشە باش بیری لێ بکەیتەوە، ئەگەر عیسا خودایە یان کوڕی خودایە، بۆچی دەقی پێغەمبەرانی تر ئەکاتە ئامرازی گفتوگۆ لەگەڵ شەیتان؟ کاتێک کەسێک کوڕی خودا یان خۆی خودابێت، کەواتە بەشێک لە ئەو خودایە، هەر خودی خۆی ئەبێت وشەی حەق و ڕاستی پێ بێت نەک قسەی پێغەمبەرانی تر بکات و بڵێت بەپێی کتێبەکانی پێشتر نابێ ئەوە بکەم، ئاخر چۆن ئەکرێت کەسێک خودا بێت و لەلایەن دروستکەرێکی خۆیەوە تاقیبکرێتەوە؟

کە ئەم پرسیارانەم کرد تەواو بێتاقەتیم بەڕوخساری بینی، وتم یەک شتی تر بەس ڕاستگۆبە لەوەڵامەکەی، تا ئێستا ئینجیلت خوێندۆتەوەو پرسیاری لەم شێوەت لەخۆت کردبێ؟ وتی ڕاستی بڵێم ڕاستە پرسیارم بۆ دروست بووەوە لەسەر فکرە و ڕەفتاری مەسیحیەکان، بەڵام هیچ کات پرسیارم لەسەر دەقەکان بۆ دروست نەبووە، چونکە ئێمە ئەم قسانە بە پیرۆز ئەزانین و ناوێرین پرسیار لەزۆر شت بکەین، منیش وتم بۆ مەگەر ئەم پرسیارانەی کە کردم هەڵەیەکان تیابوو؟ وتی نا بە عەکسەوە بێتاقەتی من ئەوەیە بۆچی هیچ کات پرسیارم نەبوو؟ چەند جارێک خوێندومەتەوە ئەم ئایەتانە بەڵام هیچ جارێک پرسیارم نەکردوە، منیش وتم دەی مادەم وەزعەکە هەر وای لێ هات

ئینجیلەکەت بکەوەو سەیری ئەم ئایەتەش بکە هههه، تۆزێ پێکەنی وتی زۆر باشە با بزانین ئەمەیان چیە، هەرچەند هەست ئەکەم بەهۆی ئەم پرسیارانە ئەڵێی یەکەم جارە ئینجیل بخوێنمەوە.

وتم سەیری سوڕەتی ٢٧ ئایەتی ٤٦ بکە، ئایەتەکانی پێش ئەم ئایەتە باسی ئەو کاتە ئەکەن کە عیسا لەخاچ ئەدرێت، چەند سەعاتێکە عیسا بە خاچەکەوەیە، خەڵکەکە هەر قسەی پێ ئەڵێن، ئیتر ئەویش بەتەواوی بێتاقەت ئەبێ و ڕوو لەئاسمان ئەکاو هاوار ئەکات (ئێلی ئێلی، لەما شەبەقتانی، بە واتای خودای من، خودای من بۆچی وازت لێ هێنام) ، وتم ئاندرو زۆر باش دیقەتی ئایەتەکە بدە ئایا هیچ پرسیارت بۆ دروست نابێ؟ وتی بێژەن واز لەمن بێنە پێم بڵێ پرسیاری چیت لەسەر ئەم ئایەتە هەیە، وتم لە سوڕەتەکانی پێشووتر تیایەتی کە عیسا زانیویەتی لەخاچ ئەدرێ و تەنانەت زانیویەتی کە دوای سێ ڕۆژ بەرزئەکرێتەوە، ئەویش وتی ڕاستە سوڕەتەکان ئەزانم، وتم باشە ئەگەر عیسا هەموو ئەوانەی ئەزانی، کەواتە ئەم هاوارکردنەی لەچی بوو؟ وتم ئێمەی مرۆڤ بە ئازار لاواز ئەبین، بەڵام ئایا چۆن ئەکرێ خودا بەئازار لاواز ببێت؟ ئازار لەلایەن خۆیەوە دروستکراوە چۆن ئازاری خۆی ئەدات؟ پاشان ئەمە چ خودایەکە کە هەست بە ئازار بکات؟ وتم

ئەگەرخودا ئازار بچێژێت بێ سنوری دەسەڵاتی خودا ئەکەوێتە ژێر پرسیارەوە....

وە پرسیارێکی تر، ئێمەی مرۆڤ کە ئازارمان ئەبێت لەوانەیە لەبیر بکەین کە کەسێک هەیە بمان پارێزێت، بەڵام ئەگەر عیسا خودایە یان کوڕی خودایە، چۆن گومانی بۆ دروست بوە کە خودا لەبیریکردوە؟ ئەسڵەن هەموو کەسێک ئەم هەستەی بۆدروست بووبا نەئەبوو عیسا ئەم هەستەی بۆ دروست بوبا، وتم لای من ئەم ئایەتە یەک دنیا باوەڕی ئێوە ئەخاتە ژێر پرسیار کە ئاخۆ ئەگەر عیسا خودایە لەکاتی سەرە مەرگ ئەم هاوارکردن و گلەیی کردنەی لە خودا چی بوو؟ ئاندرو سەیری کردم و وتی بێژەن بڕوا بکە هیچ وەڵامێکم پێ نیە، ئەسڵەن یەکەمجارمە بەم جۆرە خوێندنەوە بۆ ئەو چەند ئایەتە بکەم، هەستم کرد خەریکە بێتاقەت ئەبێ، هەڵبەت ناحەق نەبوو تۆ لەپڕ کۆمەڵێ نوقسانی دینەکەت ببینی، جۆرێ لە بێتاقەتیت بۆ دروست ئەبێت، بۆیە پێم وت با بۆ ئەمشەو ئەم قسانە بەس بێت، خۆشت باش بیر لەم بابەتانەی ئەم شەو بکەوە، جارێکی تر کە حەزت کرد قسە ئەکەین، چونکە یەک دنیا ئایەتی تر ماوە، ئەوە باسی پەیمانی کۆن هەر ناکەم چونکە پڕ پڕیەتی لەدەقی ناشیرن، کە قەت ناکرێ ئەمانە قسەی خودابن.

تۆزێ پێکەنی وتی زۆر چاکە کاتێکی تر باسی ئەکەین بەس من زۆر بە پەلەم تا کاتی کەنیسە چونکە ئەمەوێ بزانم قەشەکەمان وەڵامی چی ئەبێت بۆ ئەم پرسیارانە، ئاخر ئێمە زۆر لەلامان کەسێکی زیرەکە، وتم بەسەر چاو ئێستاش لەسەر وەعدی خۆمم کەی وەڵامم بۆ ئەم شتانە دەستکەوت بێ دودڵی ئەبم بە مەسیحی بەڵام تۆش بەڵێنەکەت بیربێ، بەپێکەنینەوە وتی خەمت نەبێ منیش بیرمە، ئیتر ئەوشەوە کۆتاییمان پێ هێنا و ڕۆیشتمەوە ماڵی خۆم، دوای چەند ڕۆژێ کاتی چونە کەنیسە هات، بەهۆی ئەوەی ئاندرو میوزیکی لێ ئەدا، بۆیە ئەبوو زووتر لەوێ ئامادەبین، منیش لەهەموو ژیانم یەکەم جارمە بچم بۆ کەنیسە، ئەسڵەن بەس لە فیلمەکاندا بینیومە هههە، بەیانیەکە زوو ئاندرو لەدوام هات و ڕۆیشتین بۆ کەنیسە...

## (بەشی سێیەم)

ڕۆژی چوون بۆ کەنیسە هات، شەوێک پێشتر ئاندرو پێی وتم کە نزاکان سەعات ١٠ دەست پێدەکات بەڵام ئێمە لە پێش سەعات ٩ ئەبێت لەوێ بین، چونکە ئەبوو جەماعەتی میوزیک پرۆڤەبکەن و ئامادەکاری تەواو بکەن، هەر خۆی ئەم ڕێکخستنە جوانەی کە پێش دەستپێکردنی نزاکان ئەیانکرد بەڕاستی سەرسامی کردم، تەنانەت پلانی دەقە بە دەقەیان دانابوو کە لەو ماوەیەی خەڵکەکە لەوێیە چی بکەن.

بەیانیەکە ئاندرو هاتە لام و بەرەو کەنیسە بەڕێ کەوتین نزیکەی چارەگێک لە ماڵەکەم دوربوو. یەکێک لەشتە جوانەکانی کەنیسە دیزاینی بیناکەیە، بەڕاستی زۆر جوان دروستکراون، زۆربەیان هی چەندین ساڵ پێش ئێستان، هەر لەخۆوە وائەزانیت ئەچیتە شوێنکی مێژوویەوە، ڕۆیشتینە ژورەوە چەند گەنجێکی لێبوو کوڕ و کچ، هەمووی تەمەنیان سەروو ٢٠ ساڵبوو، بەشێوەیەکی زۆر جوان قسەیان لەگەڵ یەکتر ئەکرد و کە ئێمەیان بینی بەخێرهاتنیان کردین و ئاندرو ووتی ئەمە بێژەنە تازە هاتۆتە شارەکەمان، ئەوانیش یەک یەک ناوی خۆیان وت.

ئاندرو وتی بێژەن من جارێ ئەبێ بچم پرۆڤە بکەم، بەس تۆ پێویست ناکا شەرم بکەیت لەسەر یەکێک لە کورسیەکان دابنیشە یان ئەگەر حەزت کرد یارمەتی ئەو جەماعەتە بدە، منیش کەمێ شەرمم ئەکرد، چونکە هیچ هاوزمانێکی خۆمانی لێ نەبوو، بەس ئیتر شەرمەکەم شکاند و ڕۆیشتمە لایان و یارمەتیمدان لە ڕێکخستنی کورسیەکان، جا شتێکی خۆشی کەنیسەکەیان ئەوەبوو کە چا و شەربەت و کێکیان هەبوو دوای تەواوبوونی نزاکان خەڵکەکە ئەمایەوەو لەگەڵ یەکتردا قسەیان ئەکرد.

تۆزێکی پێچوو پیاوێ هاتە ژورەوە، باڵای دوو مەتر ئەبوو هەیهە جلێکی جوانی لەبەربوو سەلامی لەهەموان کرد و پرسیارم کرد کە ئەمە چی ئەکات لێرە، یەکێ لە کوڕەکان وتی ئەمە ڕیچاردە قەشەی ئەم کەنیسەیە، جا لە مەزهەبی پرۆتیستانتی قەشە جلی ئاسایی لەبەر ئەکات و هیچ جلێکی ڕەسمی و کڵاوی لەسەر نیە، هەڵبەت من زۆر پێم شتێکی جوانبوو کە بەم سادەییە هاتە ژورەوە، ماوەیەکی پێچوو ئاندرو پرۆڤەکەی تەواوبوو هاتە لام و وتی جەوی کەنیسەت پێ چۆنە، وتم بەڕاستی بینا و ئامادەکاریەکانتان بۆ نزای هەفتانە زۆر جوان وسەرنج ڕاکێشە، ئیتر پرسیاری قەشەکەم لێکرد، وتم بەڕاست ئەمە قەشەیە، وتی بەڵێ کەسێکی زۆر قسەخۆشە، وتی وەرە بچینە لای ئەگەر

مەجال هەبوو پرسیاری ئەو شەوەی لێ ئەکەین، ڕۆیشتینە لای و سڵاومان کرد و منی پێناساند، ئەویش بەشێوەیەکی جوان پێشوازی لێکردم و وتی خۆشحاڵین کە هاتویە کەنیسەکەمان، بەهیوای ئەوەی کە هەست بە مورتاحی بکەیت.

ئاندرو بە قەشەکەی وت کە من دیراسەی ئینجیلم کردوە و زانیاریشم هەیە لەسەر مەزهەبی پرۆتیستان و دامەزرێنەری مەزهەبەکەش کە مارتن لوسەرە، کەمێ پێکەنی وتی تۆ کە مەسیحی نی چۆن زانیاریت لەسەر لوسەر هەیە، منیش وتم لوسەرم خۆش ئەوێ شۆڕشگێڕێکی زیرەکبوە، ئەو کاتەی ئەو ڕوبەڕوی پیاوانی کاتۆلیک بووەوە کەم کەس هەبوو کە ئەو بوێری و زیرەکیەی هەبێت، ئیتر کەمێ وەسفی مارتن لوسەرم بۆ کرد لەتێڕوانینی خۆمەوە، وتم زۆر سەرسامی ئەوکاتەم کە تەحەدای کەنیسەکانی کاتۆلیکی کردوەو زیاتر لە ٩٠ خاڵی بۆیان ناردوە کە ئەتوانێت مناقەشەی لەسەر بکات ئەمەش شتێکی گەورەبوو بۆ ئەوکات چونکە مەزهەبی کاتۆلیکی بەتەواوی باڵادەستبوون، کە ئەم قسانەم ئەکرد زۆری پێ خۆشبوو

بەڵام دواتر وتم ڕاستی کۆمەڵێ پرسیارم لەسەر دەقەکان بۆ دروست بووە، زیاتر کێشەم لەگەڵ تێگەیشتنی مەسیحیەکانە بۆ دەقەکان نەک خودی دەقەکان، هەست ئەکەم هەڵە تێگەیشتنێک هەیە بۆ دەقەکان جا نازانم ئاخۆ من هەڵە لەدەقەکان تێگەیشتوم یان ئێوە، بەڵام قسەی من لەسەر تێگەیشتنی دەقەکانە نەک خودی دەقەکان، چونکە من ڕێزی ئینجل ئەگرم، ئەویش وتی فەرموو کێشەت لە کامە دەق هەیە، منیش ئینجیلەکەی ئاندروم بەدەستەوەبوو لەوکاتەی کە پڕۆڤەی ئەکرد من هەموو ئەو دەقانەی کێشەم لەگەڵی هەبوو دیاریم کردبوو، وتم بەڕێز ڕیچارد ئێوە ئەڵێن مەسیح پێغەمبەر نەبووە بەڵکو کوڕی خودابووە، ئەویش وتی ڕاستەکەی وایە، منیش دەقی ئینجیلەکەم پێ نیشاندا کە ئەڵێ ئەو کاتەی کەقسەیان بە عیسا ئەوت لە وەڵامی خەڵکەکە ئەڵێت هیچ پێغەمبەرێک بێ ڕێزی پێناکرێ لە ناو زێد وماڵی خۆی نەبێت.

هەستم کرد کە تۆزێ شڵەژا، دواتر وتی بەس ئەم ئایەتە لەوانەیە بە جوانی لێی تێ نەگەیشتبی ئەمە باسی پێغەمبەر یەحیا ئەکات، کە ئەویش لەهەمان سەردەمی مەسیح بووە، منیش وتم ئاخر بۆ ئەوەی لەم قسەیەی تۆ دڵنیا ببینەوە ئەبێت تەماشا ئایەتی پێشتر و دواتری بکەین تا بزانین باسی کێ

ئەکات، جا کاتێک تەماشا ئایەتی پێش خۆیمان کرد، بینیمان کە قسەکان باسی عیسا ئەکات، ئەسڵەن باسی یەحیا هەر ناکات، کە ئەمەم وت بەتەواوی هەستم بە شلەژانی کرد، لەوەیە پێتان سەیربێ کە کابرا چۆن بە پرسیارێک ئەشڵەژێ، بەڵام کەسێک دیراسەی ئینجیلی کردبێت و دیقەتی پرسیارەکە و ئایەتەکە بدات ئەزانێت کە ئەم ئایەتە ئەوەندە ڕونە کە هیچ مەسیحیەک ناتوانێ بەئاسانی پەردەپۆشی بکات، ئەم ئایەتە بەڵگەیەکی زۆر گەورەی ناو ئینجیلە کە باسی پێغەمبەربوونی عیسا ئەکات، لەکاتێکا مەسیحیەکان بە کوڕی خودای ئەزانن، ئێ خۆی لەئینجیلدا وتویەتی کە من پێغەمبەرم کەواتە ئەم قسەیە لەکوێ هات؟ بۆیە هەر کاتێک گفتوگۆتان لەگەڵ مەسیحیەک کرد ئەم ئایەتەی پێ بڵێن، بزانە چۆن ئەشڵەژێن، چونکە ئایاتەکە زۆر ڕوونە.

ڕیچارد وتی تۆزێکی تر دەست پێئەکەین با قسەکانمان بۆ دواتر بێت و بە ئیسراحەت بۆت ڕوون ئەکەمەوە، بەڕویەکی خۆش وای وت، منیش وتم زۆر باشە، ڕاستی هەستم بەخۆشحاڵی کرد کاتێ سەرەڕای ئەم پرسیارە هەستم بە تورەیی ئەوان نەکرد، زۆری پێ نەچوو خەڵک هاتن بەرەو ناوەوەی کەنیسە، شتێک کە سەرنجی ڕاکێشام ئەو ڕێزگرتنەیان بوو بۆ کەسێک کە تازە ئەیان ناسی، زۆرینەی ئەو کەسانەی کە منیان بینی هاتنە لام و سڵاوێکیان لێم

ئەکرد، شتێکی خۆشبوو بەلامەوە، بیستبووم کە ئینگلیز ڕەگەزپەرستیان هەیە، بەس بەڕاستی بڵێم لەم شارە هەتا ئێستا هەستم بە بێڕێزیەک نەکردوە، ئەو ڕۆژە جوانترین ڕێزیان لەمن گرت.

کۆبونەوەکە دەستی پێکردو ڕیچارد بە مایکێک هاتە سەر ستەیج و بەڕویەکی خۆش بەخێرهاتنی هەموانی کرد، دواتر وتی ئێستاش دەست بەیەکەم نزا ئەکەین، بانگی تیپی میوزیکی کرد، بەجدی شتێکی نوێ بوو بۆم کە بەگۆرانی نوێژ بکەی، دەستیان بە گۆرانی وتن کرد، ئەتوت لە کۆنسێرتدام، گۆرانیەکیان وت، ناوی گۆرانیەکە (بیولد ئەپ مای لایف) بوو بڕوا بکەن ئەتوت ئەدێڵ گۆرانیەکە ئەڵێ بێ حەدخۆشبووهههە، بەتایبەت ئاوازەکەی، من جەوم لەگۆرانیەکە وەرئەگرت کەچی بۆ ئەوانی تر نوێژکردنبوو، دوو گۆرانیان وت و دوبارە ڕیچارد هاتەوە سەر ستەیج، کۆمەڵێ قسەی کرد دەربارەی هەندێ چالاکی ناوکەنیسە، دواتر وتی وتاری ئەم هەفتەیەش لەسەر چەند ئایەتێکی تری کتێبی پیرۆزە، بەڵام پێش ئەوە حەز ئەکەم ئەگەر بۆ چەند دەقەیەکیش بێت بەخێرهاتنی ئەو میوانە تازە بکەین، ئەگەر ئاسایی بێت لەلای بێتە سەر ستەیج و هەندێ قسە بکات، ئەگەر شەرمیش ئەکات کێشە نیە، من هەر ڕوحم چوو لەترسان هههە، ئاندروش زۆری لێم کرد کە بچم ئیتر بە شەرمێکی زۆرەوە چومە سەر ستەیج، من پێش هەموو شت شەرمم ئەکرد لەوەی کە ئینگلیزیەکەم بایی ئەوە باش نەبێ کە لە شوێنی ئاوها قسە

بکەم، بەڵام تازە کەوتمە مەوقیفەوە هەهە، وەڵا چومە سەر ستیجەکەو وتی ئەمە بێژەنە، خەڵکی کوردستانە، لەگەڵ ئاندرو ئەمڕۆ هاتوە سەردانمان بکات، ئەوەی کە من دڵم پێخۆشبوو ئەوەیە کە کتێبەکەی ئێمەی خوێندۆتەوەو زانیاری زۆر باشی لەسەر مارتن لوسەر هەیە کە ئەگەر پرسیار لە زۆربەی خەڵکی ئێرە بکەم لەوەیە نەیزانن، جا بەشێوەیەکی کۆمیدی قسەکەی کرد ئیدی خەڵکەکەش لەگەڵی پێکەنین، هەر خۆی کەسێکبوو هەموو وتارو قسەکانی بە بابەتی کۆمیدی خۆش ئەکرد.

ڕوی لەمن کردو وتی بێژەن چی وای لێ کردی کە سەرەڕای ئەوەی باوەڕت بە دینێکی تر هەبێت، بێی کتێبی ئاینێکی تر بخوێنیەوە، ئیتر منیش پێم وت کە بۆئەوەی حەقیقەتی ئاینەکەی خۆم بۆ دەربکەوێت ئەبێ ئاگاداری دینەکانی تریش ببم، بەچیا بزانم ئاینەکانی تر حەقتر نین لەوەی من، بۆیە تا خوێنەری باشتربیت، زیاتر لەحەقیقەت نزیک ئەبیت، هەڵبەت من ئینگلیزیەکەم فول نەبوو، بەڵام بایی ئەوەبوو کە بەرامبەرەکەم تێ بگەیەنم، وە ئینگلیز بۆ ئەم لایەنە زۆر باشن، قەت بۆ زمان ناتشکێننەوە، خۆیان هەوڵ ئەدەن هەرچۆنێک بێت تێت بگەن، ئیتر لەکاتی قسەکردنم بوو بەهۆی ئەوەی کە زۆر شڵەژابووم و شەرمم ئەکرد ئەسڵەن بیرم لەقسەکانم نەئەکردەوە، وتم

بۆنمونە تا ئینجیلم نەخوێندەوە نەمزانی کە زۆر شت هەیە کە لەدینی مندا قەدەغەن لە مەسیحیەتیشا قەدەغەن، بۆنمونە خواردنی گۆشتی بەراز، بەئایەتی ڕون باسکراوە کە حەرامە خواردنی.

کە ئەمەم وت ڕیچارد ئیمانی لێم نەمابوو وتی دوبارە بەخێر هاتنی بێژەن ئەکەین و هەوڵ ئەدەین بەجۆرێک بین کە هەڵگری گشت ئاینێک بە ئارامی بێتە کەنیسەکەمان، وەڵا چەپڵەیان بۆ لێدام و هاتمەوە شوێنی خۆم بەس لە شەرما قاچم ئەلەرزی، کە دانیشتم ئاندرو وتی بۆ ئەو قسەت کرد، وتم قسەی چی من لە شەرما هەر نازانم چیم وتوە هیهە، کۆبونەوەکە هەر بەردەوام بوو گۆرانی زۆر خۆشیان وت، کە تەواوبوون ئیتر خەڵکەکە نەڕۆیشتە دەرەوە، قاوەو چا و کێکیان هێنابوو خەڵکەکە لەگەڵ یەکتر دانیشتبوو ئەحواڵی یەکتریان ئەپرسی بەجدی یەکێک لەجوانترین شتەکانی کەنیسەبوو کە خەڵکی ناو کەنیسە هەمووی یەکتری ئەناسی و کەس پەلەی نەبوو کە بڕواتەوە، ئاخر ئێمە کە ئەچینە وتاری مزگەوت پەلەمانە لەوەی یەکەم کەسبین دوای سەلام دانەوە ڕاکەینە دەرەوە، چەندین کەس هەیە لەهەمان مزگەوتی تۆ نوێژ ئەکات و ناشیناسی، بەس لە کەنیسە پێچەوانەکەیە، هەمووی یەکتر ئەناسن... ، من و ئاندروش سەرو قاوەیەکمان

داواکرد، کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر هاتن سڵاو و بەخێرهاتنیان کرد، لەناویان ژن و مێردێکی دکتۆرم ناسینی کە دواتر دەعوەتیان کردم بۆ ماڵەوە، دوواتر ڕیچارد و چەند کەسێک بۆ ئەوە هاتنە لام کە وەڵامی ئەوە پرسیارەم پێ بڵێن کە بۆچی مەسیحیەت بەراز ئەخوات لەکاتێکا لە کتێبەکەیان حەرامیش کراوە، لەگەڵ هەندێ ڕوداوی تر و باسکردنی کۆمەڵێ ئایەتی ناشیرنی پەیمانی کۆن بۆ بەشێکی تر.

## (بەشی چوارەم)

دوای ئەوەی سرود و وتارەکان تەواو بوون جارێکی تر ڕیچارد هاتەوە سەر ستەیجەکەو وتی ئەم هەفتەیەش کۆتاییمان پێهێنا، ئەتوانن بمێننەوەو چا و قاوەو کێک بخۆن و هەواڵی یەکتر بپرسن، کۆتایی پێ هات و ئاندرو وتی هەڵسە بچین شتێک بخۆینەوە، بۆمن شتەکان زۆر نوێ بوون، تێکەڵبوونی خەڵک بەم شێوە زۆر سەرنجی ڕاکێشام، هەرچی لەو هۆڵەبوو لەگەڵ یەکتردا قسەی ئەکرد و هەواڵی یەکتریان ئەپرسی کە هەفتەی ڕابردوویان چۆن بەسەر بردوە.

من و ئاندرو پێکەوە وەستابووین ژن و پیاوێک هاتنە لامان و سڵاوێکیان کردوو خۆیان پێناساندین، پرسیاریان کرد کە شارەکەیانم بەلاوە چۆنە، هەستم چۆنە کە هاتومە کەنیسە، ئەوان ڕۆیشتن چەند خەڵکێکی تریش هاتن، یەکێک لەشتە ناخۆشەکان ئەوەبوو یەک دانەشیان نەیان زانی ناوی خۆم بەڕاستی بخوێننەوە، بۆیان قورسبوو پیتی ژ بەکاربێنن هههە، دواتر ژن و پیاوێکی ڕەش پێست هاتنە لامان سەلامیان کردوو هەندێک قسەمان کرد وتی خۆم و خێزانم پزیشکین و ئەوەنەی نەماوە خانەنشین بین، پرسیاری کرد ئاخۆ من خوێندومە، منیش وتم بەڵێ زانکۆم تەواو کردوەو بەشی مایکرۆبایۆلۆجیم

خوێندوە، زۆر پێی خۆشبوو چونکە ئەیوت کاتێ خوێندکاربوو زۆر لەو دەرسە خراپ بووە.

پاشان وتی ئەکرێ بپرسم ئاخۆ ئەو پرسیارەی لەسەر ستەیجەکە کردم وەک ڕەخنەیەک بوو یان تەنها پرسیارێکە لات دروست بووە، منیش وتم هیچ مەبەستێکم بێ ڕێزی نەبوو، تەنها بەڕەئی من کە دوو جار بەوردی کتێبەکەتانم خوێندۆتەوە بەشێک لە مەسیحیەکان باش پەیڕەوی دینەکەیان ناکەن و بێ ئاگان لەسەرچاوەی دینەکەیان، ئەویش وتی ئاخر تۆ ئەبێ بزانیت ئەو دەقەی کە باسی حەرام بوونی بەراز ئەکات لەکتێبی تەوڕات هاتووە ئێمە زیاتر پەیڕەوی ئینجیل ئەکەین کە لە سەردەمی لەدایکبوونی مەسیحەوە دەست پێ ئەکات، منیش وتم بەڕێز ئەوە ئەزانم، بەڵام لە چەندین شوێنی ئینجیل نوسراوە کە مەسیح وتویەتی من پەیڕەوی کتێبەکانی پێشتر ئەکەم و هەمویان بەڕاست ئەزانم، هەر لەبەر ئەوەشە ئینجیل و تەوڕات بەیەکەوە دانراون کەواتە هەر شتێک لەتەوڕات حەرام بێت بۆ ئێوەش حەرامە.

لەم قسانە بووین ڕیچارد هاتە لامان تێگەیشت کە باسەکەمان لەسەر خواردنی بەرازە، ڕوی لەمن کردو وتی با من وەڵامت بدەم، تۆ ڕاست ئەکەی

لە تەوڕات (پەیمانی کۆن) نوسراوە کە بەراز حەرامە، بەڵام دوای ئەوەی مەسیح خۆی کردە قوربانی حەرامکراوەکان لەسەر ئێمە لاچون، ئەو بۆ ئەوە مرد تا ئێمە بە خۆشبەختی بژیێین و خودا لەتاوانەکانمان خۆشبێت، ئەگەر ئەو قوربانیە نەبا ئێستا هەر بە حەرامکراوی ئەمایەوە، دیقەتمدا پیاوە ڕەشەکە دەم و چاوی گەشبوو وەک ئەوەی وەڵامە ڕاستەکەی دەست کەوتبێ هههە، منیش وتم بەڕێز ڕیچارد جا ئەگەر بەم قسەیەی تۆبێت مەسیح مردنەکەی دژی قسە و فرمانەکانی خۆی بووە، تا لەژیان بوو خەڵکی فێر ئەکرد بە ئایەتەکانی تەوڕات، ئەمە وەک ئەوەیە تۆ کۆمەڵێک خوێندکار لەسەر کۆمەڵێک وانەی جوان فێربکەیت بەڵام دواتر بڵێیت بە نەمانم ئەم وانەنانەی پێتانم وت هیچ گرنگیەکیان نامێنێ.

دواتر وتم بەڕێز ڕیچارد ئەم شتانە بۆیە حەرامکراون چونکە خودا بە قازانجی ئێمەی زانیوە، ئێ چۆن ئەکرێ بە مردنی مەسیح ئەم کارو فەرمانە باشانە کۆتایی بێت؟ بۆیە من وای ئەبینم ئەم قسەیەی تۆ ئەوە ئەگەیەنێت کە قوربانیەکەی مەسیح دژیەکە لەگەڵ هەموو وانەکان کە لە ژیانیدا فێری خەڵکی کردوە، کە ئەو کۆمەڵە قسەم کرد هەم خۆی هەم پیاوە ڕەشەکەش بەتەواوی بێ جەوی لەڕوخساریان دیاربوو، ئاندرو کە هەستی بە بێتاقەتی

ئەوان کرد ویستی مەوزوعەکە بگۆڕێت، وتی بێژەن پێش دەستپێکردنی کۆبونەوەکە پرسیارێکت لە ڕێچارد کرد کە مەسیح خۆی بە پێغەمبەر زانیوە، ئەگەر وایە وەڵامی تۆ چیە بۆ ئەو ئایەتانەی تر کە باسی ڕۆڵەی خودا ئەکەن، بۆچی مەسیح بانگی خەڵکی ئەکرد وەک ڕۆڵەی خودا، ئایا ئەمە مانای ئەوە نیە کە مەسیح خۆی بە کوڕی خودا زانیوە؟ منیش وتم دڵنیابن من هیچ مەبەستم بێ ڕێزی یان بەکەم زانینی هیچ ئاینێک نیە، تەنانەت بە ئاندروم وتوە بەجۆرێک بەدڵ سافیەوە ئەم پرسیارانە ئەکەم کە ئەگەر وەڵامەکەی ببیستم ئامادەم ببمە مەسیحی، هەڵبەت ئەگەر وەڵامیان هەبوو.

هەستم کرد کە هیچ تورەبوونێک لەڕوخساریان دیار نیە چونکە ئەیان زانی من بەمەبەستێکی خراپ قسە ناکەم، وتم ئاندرو بەتێگەیشتنی من مەسیحیەکان لەشتێکا هەڵەیان کردوە بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە، ئەویش ئەوەیە کە هاتوون بە تێگەیشتن و زاراوەی ئێستا لێکدانەوە بۆ دەقەکان ئەکەن، لەکاتێکا ئەمە هەڵەیە، بۆنمونە من کە ئینجیلم خوێندەوە بەتەواوی خۆم گەڕاندەوە بۆ ئەوکاتەی عیسا قسەکان بۆ خەڵک ئەکات، بەتێگەیشتنە سادەکەی ئەوان دەقەکانم ئەخوێندەوە، کاتێک مەسیح ئەڵێت ئێوە ڕۆڵەی خودان، یاخود ئەڵێت باوکتان لە ئاسمانە، مەبەست لەوەیە کە خەڵکی

ئەوکات خودایان وەک باوکێک زانیوە کە ئاگاداری ڕۆڵەکانی ئەبێت، ئەم وشەی باوکە وەک سیفەتی باوکایەتی باسکراوە نەک لەڕوی بایۆلۆجی.

وتم دیقەت بدەن لە ئینجیلدا مەسیح بە زمانێکی زۆر سادە قسەی کردوە، بۆنموونە کاتێک بەخەڵکی وتوە ئێوە وەک مەڕن و دوژمن وەک گورگ وایە مەبەستی نیە بڵێ ئەم خەڵکە ئاژەڵە، بەڵکو ویستویەتی بە وشەی سادە قسەکانی بگەیەنێت وە بیرتان نەچێ دوو هەزارساڵ پێش ئێستا ئاستی بیرکردنەوەی مرۆڤ وەک ئێستا نەبووە بەڵکو زۆر سادەبووە، لە بابەتی فکری و ئاڵۆز تێنەگەیشتون ئەوان لەوە تێناگەن پێیان بڵێی خوایەکی گەردونی لە ئاسمانە، بەڵکو ئەوان لەوە تێ ئەگەن پێیان بڵێی خودایەک بەسیفەتی باوکتان لە ئاسمانەو چاکەی ئێوەی ئەوێت، ئیتر کە ئەم قسانەم ئەکرد چەند کەسێکی تریش هاتبوونە لامان، ڕیچارد قسەکانمی پێ ناخۆشبوو چونکە حەزی نەئەکرد خەڵک گوێی لێبێت، بەڵام ئەوەندە بەڕێزبوو قسەکانی پێ نەبڕیم تا تەواوم کرد.

تۆزێ لێم نزیک بۆوەو دەستێکی لەسەر شانم داناو وتی دە تۆ واز لەوە بێنە لە بەیانیەوە باسی شتی جدی ئەکەین مێشکمان ماندووبو وەرە تۆ پێم بڵێ هۆکار

چیە لەهجەی ئەمریکی و بەریتانی تێکەڵ ئەکەیت لەقسەکردنتا، بەپێکەنینەوە وای وت، ئیتر ئەوانەی لەوێ بوون پێکەنین، وتم وەڵا هۆکارەکە ئەوەیە لەهجەکان لێک جیا ناکەمەوە، چونکە من لەڕێگەی سەیرکردنی فیلمەوە فێری ئینگلیزی بووم بۆیە هەر نازانم جیاوازیشیان چیە هههه، هەرچی لەلامان بوو پێکەنین، بەس وریابە لێرە ئێمە وشەی (موڤی) بەکارناهێنانین بەڵکو وشەی (فیلم) بەکاردێنین، وتم تەواو دەست خۆش ئێستا زانیم جیاوازی ئەمریکی و بەریتانی تەنها وشەی فیلمە هههه، پێکەنین، هەستم کرد ئەیەوێ بابەتەکە بگۆڕێ منیش وتم با تێکی نەدەم وازم لە قسەکان هێنا.

بەس دکتۆرە ڕەشەکە پێش ئەوەی بڕوا وتی بێژەن ئێمە منالێکی هاوتەمەنی تۆمان هەیەو حەزیش ئەکەین ڕۆژێک میوانداریت بکەین بۆ نانخواردن، ڕاستی حەزم نەئەکرد بچم چونکە وام ئەزانی بێز لەخواردنەکەیان ئەکەم بەس کەوتبووومە مەوقیفەوە بۆیە بەناچاری وتم زۆر باشە ڕۆژێک کە مەجالبوو پێت ئەڵێم، ئەوان ڕۆیشتن دواتر هەندێ گەنج هاتن و سڵاویان کرد و هەندێ پرسیاری یەکترناسینیان کرد و ئەوانیش ڕۆیشتن بەس ڕیچارد هەر نەهاتەوە لامان وابزانم حەزی نەکرد چیتر گفتوگۆ دروست بێ، دواتر لەڕێی ئاندرو زانیمەوە کە بە ئاندروی وتبوو زۆر ئاساییە کە بێتە کەنیسە و کەسێکی

خۆشەویستە لام بەڵام نابێ گفتوگۆی دینی ڕوبدات چونکە ئەو لەدینی ئێمە نازانێ هیهە.

ئاندرو وتی جار جارە ئەگەر بێتاقەت بووی لەماڵەوە پێم بڵێ ئەچینە ئەوێ و هیچ نەبێ چایەک ئەخۆینەوەو هەندێ قسەی خۆش لەگەڵ ئەو خەڵکە ئەکەین، ئەوەبوو دوای دوو هەفتە جارێکی تر چومەوە چونکە هەندێ گەنجم لەوێ ناسین حەزم کرد بیان بینمەوە بیری قسە فشقیاتەکانی ڕیچاردیشم کردبوو جا هاندەری سەرسەختی یانەی شەفێڵدبوو وەزعی یانەکەی زۆر خراپبوو ئەوکات هەرکێ ئەیدی قسەی پێ ئەوت هیهە، ئەو ڕۆژە کە چوم جلکێکی زەردیان پێدام ئاندرو وتی با ئەمڕۆ تۆش جلکی وەک منت لەبەربێت، جا ئەو ڕۆژە جارێکی تر دکتۆرە ڕەشەکەم بینیوە وتم ببورە ناوت ئەوەنە قورسە بەخوا بۆم لەبەر نەکرا، وتی ناوم ئۆنی بیوچە هیهە، وتی حەز ئەکەم لەم ڕۆژانە ببیە میوانم و هەندێ گفتوگۆی خۆش ئەکەین و ئەمەوێ هەندێ قسەشت بۆ بکەم تا بتوانی بەهۆی شەهادەکەت لێرە ئیش بکەی، ئیتر منیش ڕازی بووم وتم لەم هەفتە ڕۆژێک دائەنێین.

دواتر ئاندرو هاتەوە لام و وتی بێژەن حەز ئەکەم جارێکی تر دابنیشین ئەمجارە باسی پەیمانی کۆن بکەین، جا پەیمانی کۆن پێک هاتوە لە تەوڕات و زەبورەکان و هەموو ئەو کتێبە ئاسمانیانەی تر کە پێش هاتنی عیسا دابەزیون، وتی ئەو جارە پێت وتم دەقی ناشیرنی تیایە ئەمەوێ ئەو دەقانەم نیشان بدەی و هەندێ قسەی لەسەر ئەکەین، ئەوکاتە تێگەیشتم ئاندرو لەو جۆرە کەسانەیە کە حەزی بە مناقەشە نیە بەڵکو تەنها ئەیەوێ گوێ بیستی بیرۆکەی بەرامبەری بێت و دوواتر خۆی گەڕان بۆ قسەکان ئەکات، بەڵام پێ ئەچوو قسەکانی پێشتر کاریگەریان هەبووبێت لەسەری، دوای دوو ڕۆژ تەلەفۆنم بۆ دکتۆرە ڕەشەکە کرد وتم سبەی من ئیشم نیە ئەتوانم بێم، ئەویش وتی سبەی نیوەڕۆکە ئەدرەسم بۆ بنێرەو دێم بەدوواتا...

باسی دەعوەت و بێزکردن لە خواردنەکەیان هیهە وە هەندێ مناقەشەی ئینجیل و دواتر دانیشتنی من و ئاندرو و نیشاندانی دەقە ناشیرنەکان و سەرەتای گۆڕانکاری لە ئاندرو بۆ بەشی دواتر. هەڵبەت شتەکانم زۆر کورت کردۆتەوە ڕوداوەکان زۆر زیاترن بەس من ئەمەوێ هەم چیرۆکی من و ئەو هاوڕێیەم بزانن و هەم بەڕێگەیەکی ڕاست و گونجاو ئاشنا بن بە ئینجیل بەبێ ئەوەی بێڕێزیەک بەرامبەریان بەکاربێنین.

ئەوەش بزانن هیچ وێستگەیەک نەبووە لەژیانی مندا کە گفتووگۆیەکی تیا ڕونەدابێ، چونکە من لەو کەسانەم حەز ئەکەم بیروڕا لەگەڵ بەرامبەرم بگۆڕمەوە، دایمەش وتومەو ئەشیلێمەوە هیچ شتێک بەهێندەی حەقیقەت لەلام پیرۆز نیە، بۆیە حەقیقەت چی بوو ئامادەم قبوڵی بکەم ئەگەر پێچەوانەی فکرەکەی پێشووشم بوبێ هەر لەبەر ئەوەشە ئەوانەی گفتوگۆم لەگەڵ کردون بەڕەفتارێکی جوانتر لەگەڵم دواون.

## (بەشی پێنجەم)

بڕیاربوو ڕۆژی دواتر بچمە ماڵی دکتۆرە ڕەشپێستەکە (ئۆنی بوچی) ، ڕاستی بڵێم زۆر قەلەق بووم ترسام خواردنی ئەوانم بۆ نەخورێت، ئێ ناشکرێ نەیخۆی هەیە، بۆ ڕۆژی دواتر نزیک نیوەڕۆبوو تەلەفۆنم بۆ کردوو وتی ئەدرەسم بۆ بنێرە تۆزێکی تر دێم. تۆزێکی پێچوو لەدوام هات و ڕۆیشتین، کە چوین باشبوو تەنها خۆی و خێزانەکەی لەماڵ بوون، منداڵەکانی ڕۆیشتبوونەوە داخیلی، خێزانی خەریکی خواردن دروستکردنبوو من و پیاوەکەش چوینە ژوری میوان، تۆزێکی پێچوو خێزانی هات وتی خۆ کێشەت لەگەڵ خواردنی تێژ نیە؟ لەدڵی خۆما وتم لەم کاتە کێشەم لەگەڵ هەموو خواردنێکا هەیە هەیە، ئیتر لەشەرما وتم نا هیچ کێشەم نیە.

لەگەڵ پیاوەکە دەستمان کرد بە قسەکردن، ئیتر پرسیاری کوردستان و خەڵکی کوردی لێ کردم، منیش هەندێ بەراوردی خەڵکی ئینگلیز و کوردم بۆ باسکرد، خۆشی وتی من خەڵکی ئەفریقام بەڵام کاتێ پزیشکیم تەواوکرد بۆ خوێندن هاتۆتە ئێرەو دواتر هەر لێرەش ماوەتەوە، پاشان هەندێ ڕێی نیشاندام کە چۆن بتوانم ئیش بە شەهادە بکەم لێرە، ئینجا باسەکە هاتەوە سەر دین، وتی لە کوردستان چ دینێک زۆرینە پەیڕەوی ئەکەن، منیش وتم زۆرینە

ئیسلامەو لەهەندێ شاریش بڕێک مەسیحی ئەژین، پاشان وتی ئایا لەکوردستان خەڵک هەیە ببێتە مەسیحی؟ وتم هەیە بەڵام ڕێژەکەی کەمە چونکە لەکوردستان هەر لە مناڵیەوە فێر ئەکرێن کە دین چیەو چۆن خواپەرستی ئەبێ بکرێت.

لەم قسانە بووین خێزانی وتی وەرن نان ئامادەیە، ڕێک ئەوکاتەبوو کە من لێی ئەترسام هههه، ڕۆیشتینە لای مێزەکە و دانیشتین، سەیرم کرد برنج و مریشک و نەوعە خواردنێکی تری خۆیان بوو لەگەڵ شلەی فاسۆلیای شیرن هههه، جا لێرە برنجەکانیان ڕەق و وشکە، وتی لەوانەشە بەدڵت نەبێ، من چوزانم شلەی فاسۆلیاکە شیرنە، وتم بڕوا بکە فاسۆلیا خۆشترین خواردنی منە، خۆزگە ئەو قسەم نەکردبا هههه، تۆزێکم لێ خوارد خوائاگادارە قوت نەئەدرا ههههه، بەدزیەوە سەیری ئەوانیشم ئەکرد زۆر بە خۆشی ئەیان خوارد، باشبوو بە زەبری ئاوخواردنەوە تۆزێکم خوارد، ئیتر هەنێ مریشکم دانا، ئەشههدوو مریشکەکەی زۆر خۆش دروست کردبوو، زیاتر ئەمویست مریشکەکە بخۆم ژنەکەش جار جارە ئەیوت ئەگەر فاسۆلیات کەمبوو پێم بڵێ تا زیاترت بۆ تێ بکەم هههه، نەم ئەزانی چۆن پێی بڵێم فاسۆلیای شیرن کەی خوراوە بۆ خاتری خوا هههه، جا هەندێ شوشە لەسەر مێزەکەبوو ڕاستی

وامزانی مەشرۆبە بۆیە من بەس ئاوەکەم ئەخواردەوە، پیاوەکە سەیری کردم وتی مەترسە مەشرۆب نیە، منیش وتم نا قەینا پێویست ناکا، شوشەکەی هەڵگرت وتی ها سەیری بکە نوسراوە کحولی تیا نیە، ئیتر شەربەتەکەشم خواردەوە هههه، وتی ئەزانم شەرم ئەکەی بۆیە خۆم شتەکانت پێ ئەدەم، برنج و شلەکەم زۆر نەخوارد بە بیانوی ئەوەی کێشم دائەبەزێنم، تەواوبووم و دەست خۆشیم لێ کرد وتم دەستت خۆشبێ دەمێکبوو خواردنی ئەوها خۆشم نەخواردبوو، ژنەکە زۆری پێ خۆشبوو وتی زۆرم ئامادە کردوە دوای کە ڕۆیشتی هەندێکت بۆ ئەپێچمەوە ههههههه.

نان خوراو پیاوەکە وتی با بچین ژورەکەی خۆمت نیشان بدەم، ئیتر کتێب خانەیەکی بچوکی زۆر جوانی تیابوو، بەس زیاتر کتێبی پزیشکی و ئاینی و مێژووی بوو، دواتر کتێبی پیرۆزی هێنا زۆر کۆنبوو، ساڵەکەم بیر نەماوە، بەس وتی من زیاتر هەر لەسەر ئەمە ئینجیل ئەخوێنمەوە، هەستم کرد ئەیەوێ دیسان مەوزوع بکاتەوە، دواتر پرسی چۆنبوو ویستت سەردانی کەنیسەبکەی، ئایا لەکوردستانیش موسڵمان سەردانی کەنیسە ئەکات، وتم بەڵێ هەندێ خەڵک هەیە ئەچێت بزانێ مەسیحیەکان چۆن عیبادەت ئەکەن، وتی باشە ئەو ڕۆژە تۆ هەندێ پرسیار و قسەت لەسەر ئینجیل کرد، تۆ لای کێ دەرسی

ئینجیلت خوێندوە، منیش وتم لای هیچ کەس، تەنها خۆم خوێندومەتەوە بەڵام زۆر بەوردی هیچ ڕستەیەک تا لێی تێ نەگەیشتبم تێپەڕم نەداوە.

پاشان وتم جار جارە لەگەڵ هاودینەکانی خۆشم ئەم کێشەیەم ئەبێت ئەوان ئەڵێن ئەبێ ئیلا کەسێک دینت بۆ ڕون بکاتەوە، بەڵام من ئەڵێم کەسێک بەڕاستی بیەوێ شوێن حەق بکەوێ ئەتوانێ خۆشی تێی بگات، ئەمانە بەحساب ئاین و دینی خودان، ئێ خودا بیەوێ قسە بکات هەر ئەبێ بە زمانێک بێت کە ئێمە تێی بگەین، ئەویش وتی ڕاستە لەوەیان هاوڕام دین ئەوەنەش قورس نیە، دواتر وتم ڕاستی دوای خوێندنەوەی ئینجیل و تەوڕات شتێ لەمێشکما دروست بوو کە پێم وایە خەڵکی زۆربەیان دینیان لە قەشەو حاخامەکانیان وەرگرتوە نەک خۆیان کتێبەکەیان خوێندبێتەوە.

وتی چۆن ؟ منیش وتم ئاخر من ئینجیلم زۆر ورد خوێندۆتەوە ئێوە زۆر شت ئەکەن ئەسڵەن لە ئینجیلدا ڕێگری لێ کراوە، ئەوەتا بابەتی سێکسکردن لە دینی ئێوەشدا حەرامە کەچی زۆریش ئاساییە لەناو مەسیحیەکان، ئەویش وتی ئاخر هەموو مەسیحیەک وانیە، منیش وتم زۆرینە وایە، قسەکە لەسەر باش و خراپی سێکس نیە، بەڵکو قسەکە ئەوەیە کە لای ئێوەش حەرامە، بەڵام زۆر

کەمتر ڕەنگدانەوەی هەیە وەک لای موسڵمانەکان، چونکە ئەوان ئەگەر بیشیکەن ئەزانن کە گوناحە و خۆی بۆ سزاکەی دائەنێن، یان شتێکی تر بابەتی هەوڕەگەزخوازی لە کتێبی پیرۆز لە پەیمانی کۆندا لە چیرۆکی پێغەمبەر لوطدا بە ئاشکرا پێمان ئەڵێت کە هاوڕەگەزخوازی بێ ئەمری کردنی خودایە، کەچی ئەم بابەتە لای مەسیحیەکان خەریکە ئاسایی ئەبێت، جا ئەوکاتەی کە من ئەم قسانەم لەگەڵ ئەکرد هێشتا پاپا پشتگیری نەکردبوو، کە ئەم قسانەم بۆی کرد وتی ڕاستەکەی مەسیحیەکان کەمتر کتێبەکەیان ئەخوێننەوە هۆکارەکەش ئیشکردنی زۆر و ماندوو بوونە و زیاتر ئەیانەوێ کات لەشتێکا سەرف بکەن کە ماندووبوونیان نەهێڵێ، کاتێ هەفتانەش دێن بۆ نوێژ ئەیانەوێ بایی پێویستی خۆیان دینەکە لەقەشەکەوە وەرگرن.

منیش وتم جا بەڕاستی نوێژ کردن لای ئێوە زۆر ئاسانە هەر گۆرانی وتنە، بەپێکەنینەوە وتم ئەی ئەگەر نوێژکردنتان وەک موسڵمانەکانبا پێم وایە نیوەی ئێستاش نەئەهاتن هههە کەمێ پێکەنی، چونکە منیش بە پێکەنینەوە قسەم ئەکرد وتی لای ئێمە خودا واتا خۆشەویستی، ئێمە بەگۆرانی وتن کە ڕونترین ڕێگەیە بۆ دەربڕینی خۆشەویستی بۆ خودا ئەمانەوێ سوپاسگوزاری دەرببڕین.

دواتر ئینجیلەکەی کردەوەو وتی بۆیە حەز ئەکەم پرسیارت لێ بکەم چونکە یەکەم جارە حەز ئەکەم سەرنجی کەسانی غەیرە دینی خۆم بزانم لەسەر ئاینەکەم، ڕاستە تەمەنێکە لەناو ئەم دینەم بەس حەزیش بە قسەکردن ئەکەم لەسەری، دواتر وتی بەڕای تۆ کێشەی دیندارەکانی تر لەکوێدایە کە باوەڕ بە مەسیحیەت ناهێنن؟ منیش وتم گەورەترین هۆکار فرە خوایەکەیە، زۆرێک لە باوەڕداری دینە ئاسمانیەکان باوەڕیان بەوە نیە لەخوایەک زیاتر هەبێت، پاشان دینێکی وەک ئیسلام ئێوەی قبوڵە بەڵام تا ئەو شوێنەی کە عیسا بە پێغەمبەر بزانن ئەگینا زۆرینەی چیرۆکەکانی مەسیح لای ئیسلامیش قبوڵە، دواتر وتی ئەی تۆ کە ئینجیلت خوێندۆتەوە کێشەت لەگەڵ بابەتی خودا چیە؟

وتم پێشتر بۆ ئاندرو دەقێکی ناو ئینجیلم کردە بەڵگە و ئەوەش ژمارەی ئایەتەکە، بەڵام لەگەڵ تۆ حەز ئەکەم بابەتەکە جدی تر باس بکەم، وتی زۆر باشە، وتم ئەتوانیت بە بەڵگەی جگە لە دەق دینی بۆم بسەلمێنی سێ خوایی مەسیحیەت ڕاستە؟ وتی نەخێر تەنها بەدەق دینی چونکە بابەتی دینی هەر بە دەق ئەناسرێن، منیش وتم دەی من بەڵگەم لایە هههە پێکەنی وتی بەڵگەکە چیە، وتم ئایا ئەزانی خودا ئاوی بۆ سەلماندنی خۆی دروست کردوە؟ وتی

چۆن؟ وتم ئاو ئەکرێ شلبێ، ئەکرێ ڕەقبێ و ئەکرێ گازیش بێت، کەچی لەهەمان کاتدا هەمان پێکهاتەشی هەیە، یەک پێکهاتە سێ دۆخی هەیە، خۆزگە ئەتان بینی، چەند سەری سوڕما بە نمونەکە، وتی ئەمە یەکەم جارە بەم شێوە لە سێیەنی تێ بگەم جا سێینەی واتا سێ خوایی، منیش وتم بە نمونەکە سەرسام بووی وایە؟ ئەویش بەپێکەنینەوە وتی ڕاستە.

دواتر وتم ئاخر چۆن ئەتوانی خودا بشوبهێنیت بە شتێکی لەم شێوەیە؟ وتم ئەسڵەن بەڕای من کێشە لە مەسیحیەت ئەوەیە کە وێنەی خودا بچوک ئەکەنەوە، ئەگەر خودایەک هەبێ ئەبێ لەدەرەوەی ئەو وجدەی ئێمە بێت، تۆ ئەکرێ بڵێی یەک خودا هەیە، وە هەموو شتێکیش بەشێکە لەخودا بەڵام ناتوانی خودا پارچە پارچە بکەی بۆ سێ شت چونکە ئەمە لەگەورەیی کەم ئەکات و خودا ئەخاتە چوارچێوەی قاڵبێک، ئێ خوای ئەم گەردونە گەورە ناکرێ لەقاڵب بدرێت.

ئێوە ئەڵێن عیسا خودایە، باشە گریمان چوینە بەهەشت ئایا لەوێ کێ خوایەتی ئەکات؟ چۆن ئەکرێ لە یەک کاتا سێ خوا وجدی هەبێ، وتم چەمکی خودا بۆ زاتێک بەکاردێ کە خاوەنی هەموو شتێک بێت، ئێ بەڵام بەو

قسەی ئێوە بێت سێ شت هەیە کە خاوەنی هەموو شت بێ ئێستا پێم بڵێ کام لەو خوایانە خاوەنی دوەکەی ترە؟ وتی خوای باوک، منیش وتم بەس ئەوانی تریش هەر خوان، چۆن ئەکرێ خودایەک بچوکی خودایەکی تربێ؟ ئیتر تۆزێ بەم پرسیارانە شتەکەی لا ئاڵۆز بوو، وتم بینیت ئەگەر لەخودایەک زیاتر هەبێ چەندە پرسیاری مەنتیقی دروست ئەبێ؟ دواتر وتم ئێوە خۆتان شتەکەتان دروست کردوە ئەگینا مەسیح خۆی وتویەتی کە من پێغەمبەرم، ئیدی ئێوە هاتون شتەکەتان بەتەواوی ئاڵۆز کردوەو کەسێک کە هەستی بەئازار کردوەو کەسێک کە مردن و ژینی بەسەر دێت بەخوداتان داناوە لەکاتێکا ئەمانە شتانێکن کە بەسەر مەخلوقدا دێت نەک خودا.

تۆزێکی تر بەردەوامبووین هەستم کرد بێتاقەت بووە بەقسەکان، ئیدی نازانم ئاخۆ قسەکانی پێ ناخۆشبوو یان کاریگەری لەسەری هەبوو، بەس جوانترین ئەخلاقی ئەوەبوو کە نە تورەبوو بە قسەکانم، نە هەستی بە بێ ڕێزی کرد، بەس بەخوا منیش هیچ کات هەوڵم نەئەدا بە دەربڕینی ناشیرن قسە بکەم، خۆشترین شتیش ئەوەبوو کە لەهجەی قسەکردنی زۆر زۆر خۆشبوو، بەتەواوی لێک تێئەگەیشتین، نزیک عەسربوو وتم من ئەبێ بڕۆم سوپاس بۆ نانخواردنەکە، ئیدی ژنەکەشی برنج و فاسۆلیایەکی زۆری بۆ پێچامەوە دوواتر

باشبوو تا ماڵەوەش منی هێنا، بەس بەخوا شلەو برنجەکەم ڕێک خستە ناو تەنەکەی خۆڵەکە هەهە، چەند جارێکی تریش بینیومەتەوە، بەس هیچ جارێک نەم هێشتوە قسەکان زۆربن تا باسی دەعوەت و شت نەکات هەهەهە، ئەمەوێ ئەوش بڵێم زۆر زۆر پاک و خاوێنن بۆیە بەهیچ شێوەیەک بێزم نەکرد لەخواردنەکە، کە زۆرم نەخوارد کێشەکە ئەوەبوو خواردنیان ناخۆشبوو هەهەه.

بۆیە ڕوداوی دەعوەتەکەم بە درێژی گێڕایەوە چونکە لای من یەکێک بوو لە یادگاریە خۆشەکان، جارێکی تر باسی ئاندرو ئەکەم کە دیسان دائەنیشین و باسی ئینیجل و تەوڕاتیش ئەکەین و کۆمەڵێک ئایەتی نیشان ئەدەم کە بەڕوونی دیارە ناکرێ ئەمانە قسەی خوابن.

## (بەشی شەشەم)

دوای ئەوەی لە ماڵی ئەو دکتۆرە ڕەش پێستە دەعوەتبووم بۆ هەفتەکەی دواتر ئاندرو تەلەفۆنی بۆ کردم، وتی بێژەن ساڵانە سەفەرەیەکی گەورە ئەنجام ئەدرێت و خەڵکی گشت کەنیسە پرۆتستانتەکان دێن، جەوێکی زۆر خۆش ئەبێت و ساڵانە دارستانێکی گەورە هەیە ئەیراژێننەوەو بۆ سەفەرەکردن بەکاردێت، تیایدا شوێنی سینەماو هۆڵی کۆنسێرتیشی لێ ئەبێت، وتی پێشتر چووم ئەزانم زۆر خۆشە بۆیە حەز ئەکەم ئەمساڵ تۆش بێیت، ئیتر ئەوکات منیش ئیشم نەئەکرد بۆیە ئاسایی بوو بچم، ئەم ڕوداوەش کۆتایی مانگی ٧ ی ساڵی ٢٠١٨ بوو.

ڕاستی تۆزێ ناخۆشبوو بۆم چونکە هێشتا ئاشنا نەبووم بە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ خەڵکی ئینگلیز، بەس ئیتر لەوە هەر باشتربوو لەماڵەوە دانیشم هههە. دوای دوو هەفتە بەڕێ ئەکەوتین، نزیک ٦ سەعات بەسەیارە دووربوو، ئاندرو وتی من لەگەڵ جەماعەتێک گەنج زووتر ئەڕۆین تا شوێنەکان ئامادە بکەین چونکە زیاتر لە ٥٠ کەسین، بەس پیتەر وتویەتی من بێژەن لەگەڵ خۆم ئەهێنم، پیتەریش پزیشک بوو تەمەنی وەک خۆم بوو، بەس تەبیعەتی خۆشنەبوو هههە کەمێ جدی بوو، ئیتر ڕۆژەکە هات و پیتەر هات بەشوێنمدا،

پیتەریش بەئەسڵ خەڵکی بریستۆڵ بوو، لەهجەی قسەکردنی ناخۆشبوو تۆزێکی پێچوو هەتا لەگەڵ قسەکانی ڕاهاتم هەهە.

لەڕێگا وتی بێژەن هەندێ باسی وڵاتی خۆتم بۆ بکە، خوێندن و پیشەی پزیشکی چۆنە لەوێ، ئیتر بۆم باسکرد کە بوون بە پزیشک پۆزی هەیە لە وڵاتی من کچ زۆربەی شوێنی ئەوان ئەکەون هەهە، بڕوا بکەن مردبوو بە پێکەنین ئەیوت ئەوە بەجدیتە، وتی لێرە پێچەوانەبۆتەوە زۆر کەم حەزیان بەدکتۆر دێت چونکە ئێمە دایمە مەژغوڵین بەنەخۆش و خستەخانە، وتم پیتەر بڕۆ کوردستان کام کچەی پێت جوانە ڕازی ئەبێت هەهە، ئیتر تا گەیشتین هەر باسی جیاوازی ژیانی کوردستان و بەریتانیامان کرد، دواتر گەیشتینە شوێنەکە، بەجدی گەورەبوو نزیکەی ٢٠٠٠ کەس هاتبوو.

بڕیاربوو بۆ ٨ شەو بمێنینەوە، هەربۆیە خێمە و جێگای نوستنیشیان بۆم هێنابوو، ئیتر تێکەڵ بوونم لەگەڵ خەڵکەکە لەو ڕۆژەوە دەستی پێکرد، هەرچەند زۆر شەرمن دەرئەکەوتم لەلایان، چونکە ئەوان زیاتر تێکەڵ ئەبوون و زۆرتر قسەیان ئەکرد، ئەوەی ناخۆشبوو کە ئەکەویتە ناویان ئیتر ئەبێ تۆش

وەک ئەوان بیت، بۆنمونە ئەوان مۆبایلیان بەکارنەئەهێنا، منیش شەرمم ئەکرد بەتەنها خۆم دەری بێنم.

هۆڵی سینەما و هۆڵی کۆنسێرت دروست کرابوو بە خێمەی گەورە بە بەلاش بوون، وام هەستکرد من تاکە کوردبم ئەو ڕۆژە لەوێ بم، چونکە زۆر گەڕام کەسم نەبینی.

چەند شتێکی زۆر جوانی ئەوانم بۆ دەرکەوت لەم گەشتە، دوو ڕۆژبوو لەوێ بووین نیوەڕۆ بوو کوڕ و کچێک کە تازە هاوسەرگیریان کردبوو هاتنە لام، کوڕەکەم ئەناسی وتی بێژەن حەز ئەکەم نیوەڕۆ دەعوەت بیت و لەگەڵ ئێمە نان بخۆی ئەچین خواردنی یۆنانی تاقی ئەکەینەوە، منیش وتم نا زۆر سوپاس دەستت خۆشبێت، ئیتر لەماوەی ئەو دوو ڕۆژە سێ حاڵەتی وا ڕویدا کە داوایان ئەکرد دەعوەتم بکەن.

وەڵا ڕۆژی دواتر من و ئاندرو و کوڕێکی تر بووین ناوی جەیمسە، ڕۆیشتینە لای کافتریاکە جەمیس وتی ئەمڕۆ حەز ئەکەم دەعوەتی من بن، ئاندرو وتی

ڕازیم، کەچی من دیسان وتم نا سوپاس پێویست ناکا، ئاخر لای خۆمان ڕاهاتوین کە دوو برادەر ئەچنە شوێنێک بەیەکتر ئەڵێن لێی گەڕێ عایدی من بێ، بەڵام قسەکەش لەدڵیانەوە نیە، هەر ڕاهاتووین بەمە، ئیتر کە وام وت ئاندرو وتی بێژەن یەک دەقە وەرە لام هەیە، وتی شتێک بزانە، خەڵکی ئێرە کە پێت ئەڵێ حەز ئەکەم ئەمڕۆ دەعوەتت بکەم دڵنیابە کەسەکە ڕێک لەناخی دڵیەوە وائەڵێ و هەر بەڕاستی ئەیەوێ ژەمێک خواردن لەگەڵیان بخۆی، دڵنیابە هەموو کات ئەم شتە نابینی و نابیستی لێیان بەڵام کاتێ بینیت ڕەتی مەکەوە هەیە، وتم باشە وائەکەم، بەس بەجدی شتێکی زۆر جوانبوو ئەمە، لای خۆمان کەمتر لەدڵەوە ئەم داوایە ئەکرێ، باشبوو تا هاتمەوە چەند جارێک ئەو داوایەیان پێشکەشکردم و ئەمجارە هیچم ڕەت نەکردەوە هەیە.

شتێکی تر زۆر جوانبوو کە لەوان بەدیم کرد زۆر نەکردنبوو لەبەرامبەرەکەیان، شەوێک گەنجەکان لەدەوری ئاگر دانیشتبووین، ئیدی وتیان ئەچین بۆ بارِ، بارەکە هەر بە خێمە دروستکرابوو، وتیان بەتەنها لێرە مەبە تۆش وەرە لەگەڵمان، لەڕێگە وتیان بێژەن لە کوردستان بارەکان چۆنن، وتم وەڵاهی ئەمە یەکەم جارمە بڕۆم بۆ بارِ هەیە، هەندێکیان پێکەنین، وتیان بۆ؟ وتم ئاخر لای ئێمە شتێکی ڕێگە پێدراو نیە بەتایبەت لەڕوی دینیەوە،

ئیدی یەکێکی تریان وتی بۆ قەت نەتخواردۆتەوە؟ سوێندم بۆیان خوارد وتم لەژیانم نەم خواردۆتەوە هەر، لایان سەیربوو وتیان ئێمە لە منداڵیەوە ئەخۆینەوە.

جا ڕەفتار جوانی ئەوان ئەوەبوو کاتێک چوینە ژورەوە هیچ کامێکیان نەیان وت بۆ تاقی ناکەیەوە بزانیت چۆنە، یان بڵێن کوڕە بیخۆوە خۆ هیچت لێ نایە، بەڵکو کە چوینە ژورەوە داوای شەربەتیان کرد بۆمن، دەی سوێند بەخوا لەم شارەی خۆم لەگەڵ هاوڕێی کورد چومە دەرەوە خەریکبوو مێشکم ببا ئەیوت داوەشێ بۆ ناخۆیەوە کوڕە ها بەس قمێکی لێدە بزانە چۆنە، کوڕە خۆ لە کوردستان نی، کوڕە خۆ ناتخوا. هتد، کەچی لای ئینگلیزەکان یەکجار کە زانی ناخۆمەوە هەر پرسیاری نەکرد، بڵێ بۆ کێشەت لەگەڵی هەیە یا هەرشتێکی تر، بەجدی سەرسامی ئەم ڕەوشتەیان بوم لەوێ، چونکە نەک لەم بابەتە لەزۆر شتی تر هیچ کات تەداخولی حەز و باوەڕی تۆ ناکەن، هەروەها شتێکی تری جوانیان ئەوەبوو کە زۆربەی ژەمەکان خواردنی منیان بەتایبەت دروست ئەکرد، چونکە هی خۆیان گۆشتی بەرازیان تێ ئەکرد یان مەشرووبیان لەگەڵ تێ ئەکرد، ئەسڵەن خۆشم پێیانم نەوتبوو بەڵکو خۆیان درکیان بەوە کردبوو، بەجدی کە هاتینەوە یەک دنیا سوپاسی ئەو ڕەووشتە جوانەم لێ کردن.

ئیتر شەوان زۆربەی کات لەدەوری ئاگر کۆ ئەبووینەوە، زیاتر گۆرانیان ئەوت و بەسەرهاتی خۆیان ئەگێڕایەوە، دوو گەنجیان بەئەسڵ خەڵکی نیوکاسڵ بوون ئەوان بەحاڵ لێیان تێ ئەگەیشتم، جا لەهجەی نیوکاسڵی ئینگلیزی ئاسایی نیە، زۆر ناخۆشە، ئەسڵەن هەر خەڵکی شارەکانی تریش ئاسان لێیان تێناگەن، ناوی زمانەکەشیان ئینگلیزی جۆردیە، هەتا ئێستاش فێری نەبووم دووساڵیش ئەبێ لەم شارەم هەیە. شتێکی خۆشی ئەو چەند شەوە گفتوگۆبوو لەسەر خوداو ڕۆژی دوایی چونکە زۆر حەزم ئەکرد گوێ بیستی ئەوەبم کە خەڵکی مەسیحی چۆن لەبەهەشت ئەنواڕن.

چەند گفتوگۆیەک ڕویدا لەوێ بەڵام وەک دیندارێک قسەکانم نەکرد، بەڵکو زیاتر ئەمویست چەمکی خودا لەڕوی فەلسەفیەوە ڕون بکەمەوە بۆ ئەوان تا تێبگەن کە لەکوێدا بەهەڵەداچون، قسەکانیان زۆر پێ خۆشبوو بەڵام کێشەکە ئەوەبوو زۆر لەمێژبوو لەسەر ئەو بیروڕایە بوون بۆیە قورسە لەپڕ هەوڵی گۆڕینی بدەن، ئەسڵەن ئەوان تەنها وەک قسەیەکی جوان شتەکەیان وەرئەگرت نەک سوود لەقسەکان وەرگرن.

بۆنمونە یەکێک پرسیاری کرد وتی لەدیدی تۆوە چۆن ئەتوانرێ حەقیقەت بدۆزرێتەوە، بۆنمونە ئاینی حەق؟ وتم ئەو عەینەکەی لەچاوتە دای بنێ سەیرێکی دەوروبەرت بکە بزانە لەکوێی و بزانە دونیا بەبێ عەینەکەکەی تۆ چۆنە؟ تۆ تا عەینەکت لەچاو بێت هەر بەوجۆرە ژیان ئەبینی کە عەینەکەکە ڕێگەت ئەدات بیبینی، دینیش بەهەمان شێوەیە، وتم بەلای منەوە جوانترین ماوەی هەوڵدان لەژیانی مرۆڤدا، ماوەی بێ دین بوونە، جا بۆم ڕونکردنەوە بێ دین بوون مەبەستم لە مولحید بوون یان دژە دین بون نیە، تۆ پێویست ناکا دژی مەسیح بیت یان قسەی پێ بڵێی، بەڵکو تەنها لێی وەرە دەرەوە، ئینجا بەدوای حەقیقەت بگەڕێ، تۆ بەم هەموو شتەی لە منالیەوە خراوەتە مێشکت ناتوانی جیای بکەی حەقیقەت چیە، دڵنیابە ئەگەر مەسیحیەت حەقیقەت بێت دواتر هەر دێیتەوە سەر ڕێگاکە، چونکە تۆ کاتێ بێ دینی هیچ هۆکارێکت نیە ڕێگریت بکا لەوەی ببیە مەسیحی، تۆ کە بێدینی تاکە پیرۆزیت ئەوەیە حەقیقەت بدۆزیەوە، وتم سەیری پێغەمبەر ئیبراهیم بکەن کە کاتێ بەدوای خودا ئەگەڕا، دەی لەوساتە ئەو بێدین بوو بە پیرۆزیەکان، هیچ شتێ کۆتی نەکردبوو بۆیە دواتر خودای حەقیقی دۆزیەوە.

قسەکانیان پێ خۆشبوو هەستم کرد کاریگەربوون پێی تایبەتتر ئاندرو، زۆر بەتەرکیز گوێی ئەگرت، ئیتر ٨ شەوی زۆر نایابم لەگەڵیان بەسەربرد، ڕوداوی زۆر خۆشی تیابوو نامەوێ بابەتەکە زۆر درێژبێ بۆیە باسی هەمووی ناکەم، تەنها یەک شتی تر کە زۆر جوانبوو لەلام زۆرێک لەو گەنجانەی لەگەڵمانبوون، دەفتەریان هێنابوو ڕۆژانە هەرچیەکیان کردبا شەو هەمویان ئەنوسیەوە ئینجا ئەخەوتن، ئەم شتەیان بۆ کۆی ژیانیان ئەنجام ئەدەن نەک هەر ئەو چەند ڕۆژە.

دوای هەشت شەوەکە لەسەفەرەکە هاتینەوەو دوای دوو شەو ئاندرو وتی بێژەن کەی دانیشتنێکی تر بکەین حەز ئەکەم ئەمجارە منیش پرسیار بکەم و هەندێ گفتوگۆی خۆش ئەکەین و خواردنێکی چینیش دروست ئەکەم ههه، جا دایکی چینی بوو بۆیە خواردنی چینی ئەزانی، وتم ئۆکەی دێم بەس من مار و بۆق ناخۆم ههه، وتی نا خواردنێکی ترە...

## (بەشی حەوتەم)

دوای ئەوەی لەسەفەرەکە گەڕاینەوە، ئیدی منیش هەوڵمدا ئیشێک بدۆزمەوە، دەستم بەئیشکردن کرد و مەژغوڵ بووم بۆیە نەمتوانی ئەو کات بچمە لای ئاندرو، دوای ماوەیەک، شەوێک ئاندرو تەلەفۆنی کرد و وتی بێژەن حەز ئەکەم قسە بکەین ئەگەر ڕۆژێ نەچویتە ئیش، بڕیارماندا کەڕۆژێ بچمە ماڵیان. دواتر ئاندرو وتی بێژەن ئەو قسەی لە سەفەرەکە پێت وتین زۆر کاریگەری لەسەرم هەبوو، منیش وتم کامە قسە؟ وتی ئەو قسەی کە بۆ ئەوەی ڕاست و دروستی فکرەیەک بزانیت ئەبێت لێی بێیتە دەرەوەو وەک بێ لایەنێک سەیری بکەیت، جا منیش ئەم ماوەیە هەوڵمدا کە بەو شێوەیە بکەم، ڕاستی هەندێ شتم درک پێکردوە کە پێشتر بەو جۆرە نەبووە، وتم شتی وەک چی؟ ئەویش وتی بۆنمونە کە ئێستا ئینجیل ئەیخوێنمەوە ئەو هەستەی جارانم پێ نادات، وائەزانم نوسینێکی ئاسایی ئەخوێنمەوە، وتم زۆر باشە دوای دوو ڕۆژی تردێم.

منیش بۆ ئەو ڕۆژە ئیجازەم وەرگرت لە ئیش، بەڵام ئێوارەکە پێش ئەوەی بچمە لای تێروپڕ نانم خوارد هەهە، ئاخر هەرکەسێک لێرە لەگەڵ خەڵکی ئینگلیز تێکەڵبێ ئەزانێ کە ئەوان بۆ خواردن باش نین، خواردنەکانیان پێی

تێرنابی هەهەهە، هەر بۆیە یەک قاپ برنجی باشم خوارد و ئینجا چومە لای هەهەهە، نەوعێک پاستای دروستکردبوو لەگەڵ ڕۆبیان، ڕۆبیانەکە هەر خۆی خواردی چونکە بە شێوازی خۆیان دروستی کردبوو بەجدی تامیشی ناخۆشبوو هەهەهە، دوواتر قاپەکانمان لابرد و وتم ئاندرو ئەو ڕۆژەی تێڵت کرد قسەیەکت کرد زۆرم پێ خۆشبوو، کە وتت ئێستا ئەو ڕێگایە بەکاردێنی کە ئەوجارە لە سەفرەکە پێم وتن، ئەویش وتی بەڵێ ئەوە نزیک دوو هەفتە ئەبێ، دواتر باسی ئەو قسەیەم کرد کە لەتەلەفۆنەکە پێی وتم، ئەوکاتەی باسی ئەوەی کردبوو کاتێ ئینجیل ئەخوێنێتەوە وەک جاران هەست بە ئیسراحەت ناکات، منیش وتم ئاندرو ڕێک لەسەر ئەم قسەیەی ئەوکات کردت ئەمەوێ هەندێ شت باس بکەین....

ئایا ئەزانی مەسیحی و موسڵمان بەهەڵە لە ئینجیل تێگەیشتوون؟ ئەویش وتی کوا بۆم ڕون بکەوە چۆن؟ منیش وتم بۆیە هاتمە سەر ئەو بابەتە چونکە وتت ئێستا بێلایەن دەقەکان ئەبینم، بۆیە هەوڵ بدە بەباشی لەم قسانەم تێ بگەی، ئەگەر لەشتێکیش کێشەت هەبوو پێم بڵێ بەجۆرێکی تر باسی ئەکەم، چونکە ئەکرا ئینگلیزیەکەم هەڵەی تیابێ.

وتم ئاندرو پێش ئەوەی بێمە لات ئەم چەند ڕۆژە گەڕانێکی زۆرم کردوە بەناو مێژووی ئینجیل و مەسیحیەت بۆئەوەی بتوانم زۆربەی بابەتەکانت بۆ شی بکەمەوە، ئەویش زۆری پێ خۆشبوو وتی فەرموو باسی بکە، وتم مەسیحیەت وائەزانێ ئەم کتێبەی لەبەردەستمانە لەلایەن خوداوە هاتوە، تەنانەت موسڵمانیش پێی وایە ئەم ئینجیلە لەلایەن خوداوە هاتوە بەس ئێستا دەستکاری کراوە، هەردوکیان پێیان وایە لەلایەن خوا هاتوە بەڵام ئەم قسە هەڵەیە.

وتم وەرە با ورد بۆت باس بکەم، ئەوەی کە ئێستا لەبەردەستی ئێمەیە چوار ئینجیلە، مەسیحیەکان هەرچوار ئینجیلەکەیان بەیەکەوە داناوە، ئەم چوار ئینجیلە لەلایەن چوار کەسی جیاواز نوسراوە (مەتا، لوقا، یوحەنا، مەرقۆس) ، پاشان وتم ئایا ئەزانی دوو لەو کەسانە ئەسڵەن هەر هاوەڵی مەسیح نەبوون؟ بەڵکو تەنها مەتا و یوحەنا هاوڕێی مەسیح بوون، وە ئینجیلی هیچیان کتێبێکی خوایی نیە بەڵکو نوسینەوەی ژیاننامەی مەسیحە بەپێی بەدواداچونی خۆیان، وتم مەسیحیەکان ئەڵێن عیسا پێش مردنی وتویەتی خودا ڕێنوێنیتان ئەکات بە ڕوحی پیرۆز، بەڵام ئایا ئەگەر خودا خۆی ئەوانی ڕێنوێنی کردبێت بۆچی هەریەکەیان بەجۆرێکی جیاواز ئینجیلیان نوسیوە؟

تەنانەت تیایەتی هەمان ڕوداویان باسکردووە بەڵام جیاوازی هەیە لەنوسینەوەکەی، ئەم جیاوازیە چیە؟ چۆن ئەکرێ هەمان پەیام بەدو جۆری جیا بنوسرێ؟

پاشان شتێکی تر، بۆچی ئەو چوار کەسە بە پێغەمبەر حیساب نەکران؟ خۆ ئەو کەسەی پەیامی خودای بۆ بێت ئەبێتە پەیامبەر، ئێ ئەمانە ئەگەر لەلایەن خوداوە ڕێنوێنی کراون ئەبوون بە پێغەمبەر چونکە ئەمە سیفەتی پێغەمبەرایەتیە، بەڵام مادەم بە پێغەمبەر دانەنران کەواتە پەیامەکەش خۆیان نوسیویانە، ئینجیل کتێبێکە مرۆڤی ئاسایی نوسیویەتی، نەدەستی پێغەمبەرێکی پێ کەوتوە نە دەستی خودایەک، وتم جا موسڵمانیش لەم بابەتە بەهەڵەداچون ئەوانیش وائەزانن ئەم ئینجیلە دەستکاری کراوە، ئێ نەخێر ئەمە ئینجیلی خودا نیە، ئەمە کتێبێکە لەلایەن چوار کەسی ئاسایی نوسراوە، وتم قەینا ئەگەر ئینجیلی مەتا و یوحەنات لەلا گرنگبێ چونکە ئەوان لەگەڵ مەسیح بوون، بەڵام دوانەکەی تر لەگەڵی نەبون بۆیە هیوادارم تێ بگەی ئەم کتێبە بۆیە ئێستا لەلات ئاساییە کە ئەیخوێنیتەوە چونکە هەر بەڕاستی ئەمە کتێبێکی خوایی نیە.

دواتر وتم ئاندرو واز لە ئینجیل بێنە دواتر دێینەوە سەر ئینجیل، با جارێ بچینە سەر تەوڕات، جا تەوڕات لەکتێبی پیرۆزدا لەبەشی پەیمانی کۆن دانراوە، وەک لە پۆستەکانی پێشوو باسم کرد، کتێبی پیرۆز لە دوو بەش پێک دێت، پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ، پەیمانی کۆن لە کتێبی پێغەمبەرانی پێش عیسا پێک هاتوە، پەیمانی نوێش بریتیە لە چوار ئینجیلەکەو کۆمەڵێک کتێب و نامە کە لەلایەن خوێندکارەکانی عیسا ناردرابوو بۆ وڵاتان.

وتم ئاندرو پێم وایە قەت بەتەرکیزەوە پەیمانی کۆنت نەخوێندۆتەوە ئەگینا چاوت ئەم هەموو شتە ناشیرنەی ئەبینی، وتی کوا نمونەیەکم پێ بڵێ، منیش وتم بیکە پەیمانی کۆن بەشی پەیدابوون سورەتی١٩ ئایەتی ٣١ تا ٣٨، وتم ئەم چەند ئایەتە باسی ئەوە ئەکات کە (دوای ئەوەی پێغەمبەر لوط شارەکەی جێدێڵێت و خودا شارەکە لەناو ئەبات دواتر لوت و دوو کچەکەی بەیەکەوە ئەڕۆن، شەوێک کچە گەورەکە بە بچوکەکە ئەڵێت باوکمان پیربووەو کەس پێی ڕازی نابێت ئاوها بڕوا وەچەی کوڕی نابێ، بۆیە با ئێمە سێکسی لەگەڵ بکەین، بۆیە شەڕابیان دا بە باوکیان و هەرشەوەی کچێکیان چوە لای باوکی کاتێ سەرخۆش ئەبوو) ، وتم ئاندرو ئایا ئەزانی بەم قسەیە بێت لوط پێغەمبەرێکی زۆر خراپ بوە؟ وتم شارەکەی بۆیە سزادرا چونکە

هاوڕەگەزخوازبوون، ئایا هاوڕگەزخوازی و خەوتن لەگەڵ باوکی خۆت هەروەک یەک ناشیرن نین؟ ئایا چۆن ئەکرێ خودا کەسێکی لەم شێوە بکاتە پێغەمبەر؟ کۆمەڵێ پرسیاری تریشم هەر لەسەر ئەو بابەتە لێ کرد تا بەتەواوی بزانێت ئەم چەند ئایەتە چەندە قێزەون و ناشیرنن.

پاشان وتم ئاندرو واز لەوانە بێنە بیکە پەیمانی کۆن بەشی دەرچون ئایەتەکانی سەرەتا، جا ئایەتەکان باسی ئەوکاتە ئەکات کە موسا دانوستان لەگەڵ فیرعەون ئەکات، لەشوێنێکا ئەڵێت ئەی موسا بڕۆ داوای شتێک لە فیرعەون بکە، وە فیرعەون پەشیمان ئەبێتەوە لە قسەکە ئەوە خۆمانین وای لێ ئەکەین پەشیمان بێتەوە، دواتر هەر خوداش خۆی ئەڵێ سزای فیرعەویش ئەدەین، جا هەرجارەو جۆرە سزایەک، جارێ بۆق ئەبارێ جارێک مێشولە. . . هتد، وتم ئاندرو ئاخر چۆن ئەبێ خودا بەم جۆرەبێ؟ مەعقولە خودا خۆی ئەڵێ من خۆم وای لێ ئەکەم لەو شتە پەشیمان ببێتەوە دواتریش هەر خۆی سزای ئەدا، ئێ وتم خوا چۆن ئەبێ وابێ؟ ئیدی کۆمەڵێ نمونەی تریشم بۆ هێنا، هەستم کرد خەریکە بەتەواوی لە بابەتەکان تێ ئەگات، هەر لە شێوازی قسەکانی دیاربوو کە گۆڕاوە.

دواتر وتم ئاندرو ئایا تۆ بارڕناباس ئەناسی؟ ئەویش وتی بەڵێ ناوم بیستوە، منیش وتم ئایا ئەزانی بارڕناباسیش ئینجیلێکی نوسیوە، بەڵام ئەو ئینجیلە لەلای مەسیحیەکان قبوڵ نەکراوە، چونکە بارڕناباس ئاماژەی بە پێغەمبەر محمد کردوە، ئەویش وتی ئاگاداری ئەوە نیم، وتم بارڕناباس لەناو ئینجیلەکەی ئێوە تیایەتی بەڵام لە بەشی نامەکان تیایەتی، کەتیایدا باسی ئەوە ئەکات کە یارمەتی هاوەڵەکانی عیسا ئەدات تا پەیامەکانیان بگەیەنێتە وڵات و پاشاکان، دواتر بەتەواوی بۆم باسی بارڕناباس کرد کە کێیەو ئایا ئینجیلی بارڕناباس کتێبە ڕاستیەکەیە؟ ئەمانە بۆ بەشی دواتر کە بەتەواوی و بە وردی باسی چۆنیەتی نوسینی ئینجیلی بۆ ئەکەم و تەنانەت پێی ئەڵێم چوار نوسەرەکەی ئینجیل ئیشیان چی بووەو جیاوازی نێوان ئینجیلەکانیان چیە، کە ئەمەش بوو بە خاڵێکی گرنگ تا بەتەواوی لە بابەتەکان تێ بگات، انشاالله بەشێکی تر کۆتا بەش ئەبێت و لەوەیە کەمێ درێژبێت چونکە هەوڵ ئەدەم بەشێکی باشی گفتوگۆکان باس بکەم.

## (بەشی هەشت-کۆتایی) گرنگترین بەش.

*ئەم بەشە تۆزێک درێژ ئەبێت چونکە گفتوگۆکە چەند سەعاتێکی خایەند و وای کرد ئاندرو بگۆڕێت، زۆرێک لە قسەکانیشم بڕیوە تا کورت ببێتەوە، بۆیە هەرچی ویستی لە ئینجیل و مەسیحیەت تێ بگات با بە جوانی ئەم بەشە بخوێنێتەوە. .

لەکاتی قسەکردن بووین لەگەڵ ئاندرو، پرسیاری بارناباام لێ کرد ئەویش زانیاریەکی کەمی هەبوو لەسەری، وتم ئایا ئەزانی بارنابا ئینجیلی هەیەو تیایدا باسی کردوە کە عیسا پێغەمبەرە و پێشبینی هاتنی محمدیشی تیایە؟ وتی نا نەم بیستوە، بەڵام ئەگەر شتێکی وا هەبێ بۆ ئەو هەموو مەسیحیە ئاگای لێ نیە؟ کە وای وت، منیش ڕێک وتم ئاندرو تەواو گفتوگۆکە جدی ئەکەم و چیتر ئاگاداری هەستی تۆ نابم هەرچی هەیە بۆت باس ئەکەم تەنها تکایە ئەوەی باسم کرد و تێی نەگەیشتی پێم بڵێ من دوبارەی ئەکەمەوە، ئەگەر لە ئینگلیزیەکەم تێنەگەیشتی پێم بڵێ بۆئەوەی هیچ قسەیەک بەسەرتا تێ نەپەڕێ و ئەو شتانەی ئەیڵێم هەمووی وەربگری، وتی زۆر باشە بەخۆشحاڵیەوە گوێ ئەگرم.

دەستم بە قسەکان کرد وتم ئاندرو من پێشتر دوو ئایەتی ناو ئینجیلم بۆ هێنای کە باس لەوە ئەکات کە عیسا پێغەمبەرە، وتی ڕاستە و جێی پرسیاربوو بۆمنیش، وتم ئێستا چەند شوێنێکی تریشت پێ ئەڵێم، پێشتر بەس لە ئینجیلی مەتابوو ئەمجارە لە ئینجیلەکانی تریش نمونەت بۆ ئەهێنم، وتی مەبەستت ئەوەیە لە ئینجیلەکانی تریش تیایەتی؟! وتم بەڵێ، فەرموو ئینجیلی لوقا بکەوە بەشی ٧ ئایەتی ١٦ ئایەتەکە ئەڵێ (دوای ئەوەی عیسا مردووەکەی زیندوو کردەوە خەڵکەکە ترسان و ستایشی خوایان کرد وتیان لەناوماندا پێغەمبەرێکی مەزن هەڵکەوتووە) ، دەقەکە زۆر ئاشکرایە کە باسی پێغەمبەر ئەکات، ئاندروش وتی ڕاستە وائەیبینم.

وتم دەی هەر لەو ئینجیلە بیکە بەشی ٢٤ ئایەتی ١٩ ئایەتەکە ئەڵێ (عیسا هاتە لای دوو کەس لەدەرەوەی شار بەڵام خۆی ئاشکرا نەکرد، دوو کەسەکە باسی ئەوەیان ئەکرد کە کەسێک بەناوی عیسای ناسیرەیی هاتوە کە پێغەمبەرێکی بەتوانایە لەقسە و کرداردا) لەمەش لوقا دانی پیاناوە کە عیسا خۆی بە پێغەمبەر ناساندوە، ئاندرو وتی یێژەن هەست ئەکەم ئەم ئایەتانەم نەبینیوە، وتم واز لەوەش بێنە بیکە ئینجیلی یوحەننا بەش شەش ئایەتی ١٤ کە ئەڵێت (دوای ئەوەی عیسا موعجیزەی هێنانی خواردنی کرد لەئاسمانەوە

خەڵکەکە وتیان بەڕاستی ئەمە پێغەمبەرەکەیە کە بۆ جیهان دێت) ، وتم هیچ شیکردنەوە نادەم ڕێک بیکە ئینجیلی مەتا با لەوێش ئایەتێکی ترت نیشان بدەم بیکە بەشی ٢١ ئایەتی ١١ کە ئەڵێت (کاتێ عیسا ڕۆیشتە ئۆرشەلیم شارەکە خرۆشاو وتیان ئەوە کێیە؟ خەڵکەکەش وتیان ئەمە عیسایە، پێغەمبەری ناسیرەی جەلیلە).

وتم ئاندرو ئەبینی لەناو ئەو ئینجلانەی لەبەردەستت دایە چەندەها شوێن هەیە ئەڵێ عیسا پێغەمبەرە فەرموو تۆ یەک شوێنم پێ بڵێ کە عیسا خۆی بڵێ من خودام؟ ئایا ئێوە بۆ چاوتان ئەم ئایەتانە نابینێ؟ وتی ئێ لەبەر ئەوەیە کە لە منالێیەوە وامان پێ وتراوە. وتم ئەی بۆ جارێ پرسیارێکتان بۆ دروست نەبوو؟ بۆ جارێ نەتان وت چۆن ئێمە بەبێ ئەوەی بەڵگەیەکمان هەبێ زیاد لە یەک خودا بۆخۆمان دائەنێنین، وتم چەمکی خودا ئەگەر گەورەیە لەبەر ئەوەیە یەک دانەیە، ناکرێ و نابێ لەیەک دروستکەر زیاتر بونی هەبێت، هەستم کرد تێکچوو کە ئەم ئایەت و قسانەی ئەبینی، وتم ئاندرو ئەهێڵی من بۆت باس بکەم هەڵەی ئەم شتانە لەکوێیە؟ وتی فەرموو زۆریش حەزئەکەم بزانم.

وتم هەڵەکە ئەوەیە مەسیحیەکان وائەزانن ئەمەی بەردەستت کتێبی خودایە، هیچ جارێک بیر لەوە ناکەنەوە کە ئەم نوسینانە هەڵقوڵاوی مێشکی مرۆڤن و مرۆڤیش ئەکرێ کە هەڵەو درۆ بکات، وتم با باسی ئینجیلەکان بکەین، ئێوە چوار ئینجیلتان هەیە، (مەتا، یوحەنا، مەرقۆس، لوقا) ، وتم تەنها مەتا و یوحەنا لەگەڵ عیسا بوون، ئەوانیش لەسەرەتای ژیانی عیساوە لەگەڵی نەبوون بەڵکو لە کۆتاییەکان لەگەڵی بوون، بۆیە ئەو بەشەی ژیانی عیسا کە پێش ناسینی ئەوانە، ئەکرێ زۆربەی هەڵەبێ، مەتا پیاوێکبوو کە ئیشی باجگری ئەکردو باجی لەخەڵک ئەسەند، نە نوسەربوو نە خوێنەر بۆیە ئەکرێ زۆرێک لە شتەکان خۆی نوسی بێ.

یوحەننا پیاوێکی ماسیگربوو نە خوێنەر نە نوسەر، وتم ئاندرو ئایا ئێستا کەسێکی ماسیگر کتێبێک بنوسێ لەسەر بابەتێکی فەلسەفی تۆ ئەیخوێنیەوە وتی ئەکید نا چونکە ئەبێ کەسەکە خوێنەربێ ئینجا ئەتوانێ شتی وا بنوسێ، ئێ وتم کەواتە یوحەننا چۆن ئەو کتێبەی نوسی؟ پاشان یوحەنا لە کۆتاییەکانی تەمەنی عیسا بوو بە خوێندکاری ئەی ئەو شتانەی پێش ناسینی عیسا چۆن نوسیویەتی خۆ ئەو لەگەڵ عیسا نەبووە؟ دواتر وتم لوقا پزیشک و مێژوو نوس بووە، ئەمەیان شتێکی باشە، بەڵام لوقا بەهەمووو تەمەنی

لەگەڵ عیسا نەژیاوە بەڵکو هاوڕێی یەکێک لە یاوەرەکانی عیسابوە، ئێ چۆن ئەکرێ تۆ شتی کەسێکی لەم جۆرە وەربگری و پێی بڵێی قسەی خودا؟ پاشان وەرە سەر مەرقۆس، ئەو پیاوەش بەهەموو ژیانی عیسای نەبینیوە، ئەویش هاوڕێی یەکێک لە خوێندکارەکانی عیسابووە، وتم ئاندروو دوو لەو کەسانەی ئینجیلەکەی بەردەستی تۆیان نوسیوە بەهەموو ژیانیان عیسایان نەبینیوە، وتم ئەو کتێبە ئەکرێ پێی بڵێی کتێبێکی مێژووی، بەڵام ناکرێ پێی بڵێی کتێبی خودا.

کتێبی خودا وەک زەبور و تەوڕاتە کە خودا لەلایەن پێغەمبەرەکانەوە بە خەڵکی ئەوت، وتم ئەگەر تەوڕات و زەبور بخوێنیەوە ئەبینی کە قسەکان بەجۆرێ ئەکرێ کە خودا قسە بۆ خەڵک ئەکات، بەڵام ئینجیل وانیە، ئینجیل کتێبێکی ژیاننامەییەو چەند کەسێ بەپێی تێڕوانینی خۆی نوسیویەتی، ئاندرو وتی ئەی ناکرێ خودا وای لێکردبن ئەو شتانە بنوسن؟ وتم نەخێر ناکرێ، ئەی پەیامبەر ئیشی چیە؟ ئەسڵەن ئەگەر وابێ ئەو چوار کەسە ئەبوون بە پێغەمبەر، چونکە کتێبەکان ئەوان نوسیویانە، وە شتێکی تر ئەگەر خودا پێی وتوون کە بینوسن بۆچی هەر چوار کەسەکە جیاوازی هەیە لە نوسینەکەیان چۆن ئەکرێ یەک خودا پێی وتبێ و جیاوازیشبن؟ وتم ناکرێ و

نابێ وتەی خودا جگە لەدەمی پێغەمبەران لە هی کەسێکی تر بێتە دەرەوە چونکە ئەمە ئیشی پێغەمبەرانە.

دواتر وتم با بێینە سەر باسی بارڕنابا، بارڕنابا ناوی کەسێک بووە کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی مەسیحیەت، وتی ئەزانم لە بەشی نامەکان تیایدا نوسراوە، وتم زۆر چاکە واتا تۆ ئەزانیت کە بارڕنابا کەسێکی زۆر زیرەک بووە، وتی بەڵێ، وتم ئەی ئەزانی ئەویش ئینجیلی هەیە، وتی بیرم نیە شتێکی وام بیستبێ، وتم ئاندرو بارڕنابا ئینجیلی نوسیوە بەڵام بەهۆی ئەوەی کە تیایدا ئاماژە بە پێغەمبەر بوونی عیسا ئەکات و باسی پێغەمبەر محمدی تیایە لەلایەن کۆمەڵگەی مەسحیەوە ڕەتکراوەتەوەو بە درۆ و هەڵبەستراو باسکراوە.

وتی باشە چۆن ئەزانیت کە مەسحیەکان ڕاست ناکەن؟ وتم قسەکەت زۆر جوانە و پێش ئەوەی بێمە ئێرە ئەمزانی ئەو پرسیارە ئەکەی، ئەویش کەمێ پێکەنی، وتم ئاندرو کتێبێک ئێستا بونی هەیە پێی ئەوترێ ئینجیلی بارڕنابا، ئەو ئینجیلە وەک چوار ئینجیلەکەی بەردەستی تۆ باسی ژیانی عیسا کراوە، بەڵام ئایا ئەزانی لەم چەند ساڵەی پێشوو نوسخەیەکی ئینجیلی بارڕنابا دۆزرایەوە لە تورکیا کە مێژووەکەی بۆ ١٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا ئەگەڕێتەوە؟ ئەی ئایا ئەزانی

کە پاپای ڤاتیکان مشەوەش بوو و بەتایبت داوای کرد کە نوسخەیەک لە ئینجیلەکە ببینێ؟ وتم ئەی ئەزانی ئەم قسانەی ئێستا وتم لە سایتی دەیلی مەیلی بەریتانی بڵاوکراوەتەوەو ئەکیدم تۆش بڕوات بەو سایتەیە.

ئاندروش وتی ئەتوانی نیشانم بدەی، مۆبایلەکەم دەرهێناو نیشانمدا لە کۆمێنت لینکی سایتەکە ئەنوسم، خوێندیەوەو وتی بڕوابکە ئەمە یەکەم جارە بیبیستم، دواتر وتی پێژەن تۆ ئینجیلی بارنابات خوێنۆتەوە؟ وتم بەڵێ بە کوردی جارێک و بە ئینگلیزیش تۆزێکم خوێندۆتەوە، وتی ئەکرێ هەندێ ئایەتی ناو ئینجیلەکەم نیشان بدەی، منیش ئینجلەکەم کردەوە لەناو مۆبایل و هەندێ ئایەتم نیشاندا کە بەجوانی باسی پێغەمبەرایەتی عیسا ئەکات، دواتر هەندێ ئایەتیشم نیشاندا کە باسی پێغەمبەر محمد ئەکات، وتی بێژەن یەعنی ئەمە ئینجیلی ڕاستەقینەیە؟ ئەمە کتێبی خودایە؟ وتم نەخێر ههه، تۆزێ پێکەنی وتی ئەی کێشەت لەگەڵ ئەمە چیە؟

وتم ئێ من پێشتر بۆم ڕونکردیتەوە کتێبی خودایی ئەبێ قسەی خودابێ بۆ مرۆڤ نەک ژیاننامە، وتم شتێکی تریش بارنابا بەهەموو ژیانی عیسای نەبینیوە بۆیە هیچ کات ناتوانێ بەدەقیقی ژیانی ئەو باس بکات، وتی ئەی

موسڵمانەکان چی ئەڵێن لەسەر ئەم ئینجیلە ئایا بڕوایان پێیە، وتم ئەوەی خوێندبێتیەوە بڕوای پێیە، بەڵام ئەوانیش هەڵەن، چونکە ئەم ئینجیلەش پێچەوانەی قورئانە، لەقورئان ئەڵێ لە ئینجیل ناوی بە ئەحمەد هاتوە، بەڵام لە ئینجیلی بارانابا بە تەواوی نوسراوە محمد، ئێ ئەمەش یەک ناگرێتەوە لەگەڵ یەک، بەڵام بەهۆی ئەوەی مێژووی ئەم ئینجیلە زۆر کۆنە بۆیە ئەکرێ بەشێکی زۆری قسەکانی ڕاستبن و حەقیقەتیان تیابێت لەسەر ژیانی عیسا.

ئاندرو وتی ئەی یێژەن چی بکەم باشە سەرم لێ شێواوە وتم دوبارە ئینجیل بخوێنەوە، بەڵام بەو شێوازەی کە من پێم وتی، پرسیار دروست بکە، لەهەڵە چاوپۆشی مەکە، کەموکوڕیت بینی دانی پیابنێ، قسەی نێوان مرۆڤ و قسەی ئیلاهی لێک جیا بکەوە، ئەویش وتی زۆر باشە ئەکید وائەکەم.

ئەو شەوە نزیک ٤ سەعات قسەمان کرد، شتی ترمان زۆر باسکرد بەڵام لەبەر درێژنەبوونی بابەتەکە نەم نوسی.

دوای چەند هەفتەیەک ئاندرو تەلەفۆنی کرد و وتی یێژەن ڕێک ئێستا تەواوبووم لە خوێندنەوەی هەرچوار ئینجیلەکە و بەڕاستی پێم سەیرە کە پێشتر چۆن ئەمەم بە قسەی خودا زانیوە، وتی چەندین شتی ترم تیادا

دۆزیوەتەوە کە زۆر نامەعقولە ههههه، وتم ها ئاندرو ئەتەوێ لێم ببەیتەوە ههههه، پێکەنی و وتی بێژەن بڕوابکە دێڕ دوای دێڕ لە خوێندنەوەی زیاتر و زیاتر باوەڕم کەم ئەبوو، وتم ئاندرو من پێت ناڵێم هەرچی لەو کتێبە نوسراوە درۆیە، وتم قسەکە ئەوەیە ئەم کتێبە کتێبێکی مێژوییەو چەند کەسێ نوسیویانە ئەکرێ هەندێ لەڕوداوەکان ڕاستبن بەتایبەت ئەو ڕوداوانەی کە نوسەرەکە خۆیان لەگەڵ عیسابوون، وتی تێگەیشتم ئێستا شتەکان ڕوونن بۆم.

دواتر وتی ئەی چی بکەم بێژەن چۆن حەقیقەت بدۆزمەوە، وتم هەر ئەوەی کە ئێستا ئەیکەیت خودی خۆی حەقیقەتە، گەڕان بەدوای دۆزینەوەی حەقیقەت بەشێوەیەکی جوان ڕێگایە و ڕێگایەکی تا بڵێی جوانیشە، وتم لەسەر ئاینەکانی تر بخوێنەوە، بزانە ئەوان چی ئەڵێن، بەڵام هەمان هەڵەی پێشوو مەکەوە جوان و ورد شتەکان بخوێنەوە، وتی زۆرباشە لە ئیسلامەوە دەست پێ ئەکەم، دواتر خۆشم نوسخەیەکی ئینگلیزی قورئانم بۆی برد، وتم کەی ویستت گفتوگۆی لەسەر ئەکەین. ئەمانە لە نزیک هاوینی ساڵی پار ڕویدا، دواتر ئاندرو دەستی کردەوە بەخوێندن بۆیە ڕۆیشت لە لەندەن ماستەر بخوێنێت، ئێستا خەریکی ماستەرەکەیەتی و هێشتا خەریکی خوێندنەوەو

گەڕانە بەڵام بەشێوەیەکی زۆر وردو جوان ئێستا هەوڵ ئەدات و جار جارە پرسیار ئەکات لەسەر قورئان و منیش جوابی ئەدەم.

یەکێک لەو شتانەی کە بە ئاندروم وت کە زۆری پێخۆشبوو ئەمەبوو، وتم ئاندرو خەمی ئەوەت نەبێ چ کاتێک حەقیقەت ئەدۆزیتەوە، گرنگ ئەوەیە تۆ هەوڵی دۆزینەوەی حەقیقەت ئەدەی، ئەگەر هەر دینێک هەر ڕێبازێک حەقیقەت دەرچوو دڵنیابە تۆی قبوڵ ئەبێ چونکە تۆ بەرەو ئەو هەنگاوت ناوە، وە دڵنیابە تۆ بەرپرسی لەو شتانەی کە توانای مێشکی تۆ ئەتوانێ درکی پێ بکات، هەر ئەوەندە نە زیاتر نە کەمتر.

ناسینی کەسێکی وەک ئاندرو شتێکی خۆشبوو بۆم وای کرد زۆر جوان تێکەڵبم لەگەڵ تەقالیدی ئێرە، کەسانی زۆر باشی پێناساندم، خەڵک هەیە لەم شارە دە ساڵە لێرەیە هاوڕێیەکی ئینگلیزی نیە، من نەک یەک هاوڕێ بەڵکو چەندین عائیلە ئەناسم کە زوو زوو دەعوەتم ئەکەن، هەڵبەت بۆ گفتوگۆ نا، بەڵکو حەزیان بە ئاشنابوونە لەگەڵ خەڵکێکی غەیرە خۆیان، وە بەهۆی کەیسەکەم لێرە وتومە کەس ناناسم لەم وڵاتە، هەر بۆیە ئەیانەوێ وابکەن کە هەست بە بێگانەبون نەکەم، ژیان لەئەوروپا ئەکەوێتە سەرخۆت

چۆن تیای بژیت، ئەکرێ هاوڕێی باشت هەبێت و کات و ساتێکی جوانی لەگەڵ بەسەر ببەی، ئەشکرێ هاوڕێت هەبێ فێری شتی خراپت بکات و هەموو شەوێ لە دیسکۆ و یانە شەوانەکان بسوڕێیتەوە، ئەمە خۆتیت ئاڕاستەی ژیانت دیاری ئەکەیت لەهەر کوێیەک بیت.

هیوادارم ئەم ئەزموونەی ژیانم سودی هەبووبێت، بەتایبەت لە ناساندنی حەقیقەتی ئاینێک بەبێ ئەوەی پێویست بکات کتێبەکەیان بخوێنیەوە، من پێم باشترە خۆتان بیخوێننەوە، خۆ ئەگەر مەجالیشتان نەبوو بەهیوام ئەم ئەزمونەی من ناسینێکی باشبوو بێت بۆتان. هەڵبەت ئەمە یەکەم ئەزمونی ژیانم نیە لەم بوارە، چەندین کەسی ترهەبووە کە گفتوگۆی وەها گرنگ لەنێوانمان ڕویداوەو ئەگەر ئەو سودی لێم بینبێ بێگومان منیش سودم لەو بینیوە، پێم وایە هەموو گفتوگۆیەک ئەگەر بەنیەتی تێگەیشتن ئەنجام بدرێت سودی خۆی هەر ئەبێت.

سوپاس بۆ تەرخانکردنی کاتتان بەخوێندنەوەی، حەز ئەکەم هەرکەسێک کە خوێنەری گشت بەشەکان بووە، سەرنجی بزانم ئەگەر بە وشەیەکیش بێت.



**ئینجیلی بەرنابا**